بزاڤ 10




# گوندو شارۆچکە کوردییەکانی عیراقی ئێستا

نووسینی:
پرۆفیسۆر دکتۆر لیژەک ژیگیل

وەرگێڕانی لە فرەنسیەوە:
عەزیز گەردی

هەولێر ـــــــــــــ ٢٠٠٠

له بلاوکراوه‌کانی
بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز
زنجیره (10)

# گوندو شارۆچکه کوردییه‌کانی عیراقی ئێستا

## پێکهاته‌ی دێرین و نه‌خشه‌و ئه‌رکیان له کرده‌وه‌ی گۆڕانی کولتووریدا

نووسینی:
پرۆفیسۆر دکتۆر لیژه‌ك ژیگیل

وه‌رگێڕانی له فره‌نسیه‌وه:
عه‌زیز گه‌ردی

هه‌ولێر/ 2000

*گوندو شارۆچکە کوردییەکانی عیراقی ئێستا.
*نووسینی پرۆفیسۆر دکتۆر لیژەك ژێگیل
* وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: عەزیز گەردی
*کۆمپیوتەر: بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز
*پیت چنین و هونەرکاری: سید ئارام
*سەرپەرشتی چاپ: سەلیم قادر
*چاپ :چاپخانەی هاوسەر
*چاپی یەکەم هەولێر/ 2000
*تیراژ : (500) دانە
*ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر (110 )ی ساڵی 2000

# ناوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 6 | پێشەکی وەرگێڕ.......... |
| 10 | پێشەکی‌نووسەر.......... |
| 12 | پاشخانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.......... |
| 16 | شوێن‌و نەخشەی گوند.......... |
| 19 | کەرەستەو تەکنیك‌و ڕێکخستنی بیناو.......... |
| 24 | نەخشەو ئەرکی خانووی بچووك.......... |
| 27 | خانوو: ڕازاندنەوەی ماڵەوە، کەلوپەلی ناوماڵ..... |
| 29 | دیوەخانە.......... |
| 43 | بینای گشتی.......... |
| 46 | شارۆچکەکان.......... |
| 54 | ئەنجام.......... |
| 55 | نەخشەکان.......... |
| 76 | بیبلۆگرافیا.......... |
| 77 | بڵاوکراوەکانی بزاڤ.......... |

# پێشەکی وەرگێڕ

پێش چاپکردنی کتێبی ((کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عیراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە)) نامەیەکم بۆ نووسەرەکەی، پرۆفیسۆر دکتۆر (لیژەك ژیگیل) نارد. مۆڵەتی چاپکردنی کتێبەکەم لێ خواستو داوام لێکرد ئەگەر شتی تریشی بە ئینگلیزی یان بە فەرەنسی لەسەر کورد هەیە، بۆم بنێرێ بۆ ئەوەی بیکەم بە کوردی و لێرە بڵاوی بکەمەوە. پاش ماوەیەك پرۆفیسۆر لیژەك ژیگیل وەڵامی دامەوەو بە نووسین مۆڵەتی چاپکردنی کتێبەکەی دامو دانەیەکی ڕوونووسکراویشی لەو باسە بۆ ناردم کە لێرەدا کراوەتە کوردی. باسەکە بە فەرەنسی لە گۆڤاری : (Studia Kurdica)ی ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس بڵاو کراوەتەوە.

کاتی خۆی بیرم لەوە دەکردەوە باسەکە بکەمە کوردیو وەکو پاشکۆیەك لەگەڵ کتێبەکەدا بڵاوی بکەمەوە، بەڵام سەیرم کرد باسەکە نەختێ کەمو کورتی تێدایە. باسەکە (13) نەخشەی خانووی گوندە خاپوور کراوەکانی کوردستانی عیراقی لەگەڵ دایە. نەخشەی ژمارە (13) بێ تێبینی بوو، هیچی لەسەر نەنوسرا بوو کە ئەمە هەڵبەت، لە چاپ پەڕیوە، چونکە ناکرێ زێدە لە هەموو نەخشەکان یەکێکیان بێ ڕوون کردنەوە بڵاو بکرێتەوە، ئیدی ئەو

بیرەم خستە لاوە کە وەکو پاشکۆی کتێبەکە بڵاوی بکەمەوەو بڵاو کردنەوەیم بۆ پاش دەرچوونی کتێبەکە دواخست.

کە کتێبەکە دەرچوو دانەیەکم لێ بۆ پرۆفیسۆر لیژەك ژیگیل ناردو داوام لێکرد تێبینی سەر نەخشەی (13)م بۆ رەوانە بکا تا بتوانم باسەکە بێ کەم و کورتی بڵاو بکەمەوە. خوا هەقە ئەویش زوو بە دەنگمەوە هات و تێبینییەکەی بۆ ناردم کە نۆ دێر بوو لە نامەیەکدا نووسیبووی چی لە ووتارەکە دەکەی لێی بکە. مەبەستی ئەوە بوو چۆنم بوێ وای بڵاو بکەمەوە، چ لە گۆڤارێك و چ لە نامیلکەیەك. منیش وام بە پەسند زانی کە بیکەمە نامیلکەیەك و بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی لەم مەیدانەدا کار دەکەن. هیوادارم ئەم نامیلکەیە جێگای خۆی لە لێکۆڵینەوەی کوردناسیدا بگرێ و کەلێنێکی بچووك لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە. لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە لایەنی گرنگی باسەکە لەو (13) نەخشەیە دایە کە بۆ خانووی گوندەکانی مەیدانی لێکۆڵینەوەکە کراون و ئێستا هەموویان لەگەڵ گوندەکان خاپوور کراون، بەمەیش بابەتەکەی پرۆفیسۆر (لیژەك ژیگیل) بایەخێکی مێژوویی و بەڵگەیی گرنگ وەردەگرێ.

سوپاس بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر لیژەك ژیگیل کە خۆی بە ئێمەوە ماندوو کردووەو ئەو زانیارییانەی بۆ تۆمار کردووین. سوپاس بۆ ئێوەش کە بە رێزەوە سەیری ئەم کارەی کابرا دەکەن و بە هەندی هەڵدەگرن.

**عەزیز گەردی**

**هەولێر:** 2000/1/15


TURQUIE
IRAN
SYRIE
Zakho
Amadia
Dohouk
Rania
Dokan
Mousoul
Arbil
Zab
IRAK
Panjwin
Soulaimaniya
Kirkouk
Tigre
Europhrate
Baghdad
zones étudiées
frontières d'Etat

# پێشەکی نووسەر

تازە ئەو سەردەمە ڕابرد کە گەڕیدەکانی جاران باسیان دەکرد گوایە کورد بە ڕادەی یەکەمو بە شێوەیەکە تایبەتی، ئەگەر بە ڕەهایی و تەواویش نەبێ، شوانە وێڵەی مەڕو بزنو بەخێوکەری گاوگۆتاڵ بوون. تا نیوەی سەدەی ڕابردوو {سەدەی نۆزدەهەم} گەڕیدە ئەورووپییەکان کوردیان هەر بە شوانەی کۆچەری دادەنا نەك بە وەرزێری نیشتەجێ و بازرگانی بچووك و پیشەگەری شارۆچکەکان. دیمەنەکە بۆ ئەوساش هێشتا هەر ناتەواوو زێدەڕەوی بوو. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، هەڵەیەکی مێژوویی بوو جەخت لەسەر شێوازی ژیانی کۆچەرایەتی کورد بکرێ.

گرفتێکی تر ئەوەیە ئایا کورد لە چ مێژوویەکەوە دەستیان بە نیشتەجێ بوون کردووەو ئایا نیشتەجێ بوون لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە کوردیشی تێدا دەژی، بە قەد یەك کۆنە؟ ئاشکرایە کورد چەند سەدەیەك بوو خاوەنی دراوسێی ئەوتۆ بوون کە کەلتوری زۆر کۆنی نیشتەجێ بوونیان هەبوو، بەڵگەی وا بەدەستەوەن دەری دەخەن کورد لە ڕەوتی کردەوەی نیشتەجێ بووندا، هەندێ جار لە نیشتەجێ بوونی هەرە تازەشدا، سوودیان لە شارەزایی کۆمەڵە ڕەگەزە (ئیتنییە) نیشتەجێکانی تر وەرگرتووە. نەك هەر لە دەشتە بە پیتو فەڕەکانی باشووری کوردستان، بگرە لە شوێنە دوورەکانی چیای زاگرۆسیش شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەییمان لە شوێنەوارە کۆنینەکانو

گۆڕستانە کۆنەکان دەکەوێتە بەر چاو. ئێمە چارەسەری ئەم گرفتە بۆ شوێنەوارناسەکان جێ دێلین و لێرەدا قورسایی بایەخمان دەخەینە سەر شێوازە جۆراو جۆرەکانی نیشتەجێ بوونی کورد لە گوندو شارۆچکەکاندا.

تێبینی: ئەم باسە بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە کە لە سالآنی 1977-1980 ئەنجام دراوە. لەو ساوە، با بلێین لە کاتی شەڕی کەنداوەوە، حکومەتی عیراق بە پێی سیاسەتێکی ڕێك و پێك کەوتە تێکدانی گوندەکانی کوردان و خەڵکەکەی لە ئۆردوگا، یان ((گوندی هاوچەرخ)) کۆ دەکردەوە سەریەك کە لەسەر ڕێگا گشتییەکان دروستی دەکردن و دەیخستنە ژێر چاوەدێری توندی سەربازییەوە. ئاواییە لادێییەکانی کوردان، وەکو لێرەدا باس کراوە، بە تەواوی تەخت کران و لە کوردستانی عیراقدا سڕانەوە. هەر بۆیەش ئەم لێکۆڵینەوەیە نرخی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی وەردەگرێ.

نووسەر

## پاشخانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

خانووی [1] کوردان، وەکو داڵدەو وەکو لایەنی بەرهەم هێنانی سیستەمی ئابووری ناوچەیی بەیەکەوە، بەم دوا دواییە گۆڕانی گرنگی بە خۆیەوە دیوە. ئەم گۆڕانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئاخرو ئۆخری سالأنی (1970)دا، لە باکووری عیراق دەکەوێتە بەرچاو. لەو ماوەیەدا، بە گشتی زۆر گۆڕانی گرنگ لە عیراقدا هاتەکایەوە. هۆی سەرەکی ئەم گۆڕانە لە ناوچەی کوردانـدا بۆ ئەوە دەچێتەوە کە ناوچەکە، دوای ساڵی 1975 و پاش نسکۆ هێنانی راپەڕینی بارزانی، تێکەڵ بە سیاسەتی کۆمەڵایەتی- ئابووری دەوڵەتی عیراق بووەوە. حکومەت کە سەرچاوەیەکی دارایی قەبەی لەبەر دەستدا بوو، بڕیاریدا نەخشەی گەشەپێدان لە پارێزگاکانی باکووری ڕۆژهەڵات جێبەجێ بکا. مەبەست لەم گەشەپێدانە ئەوە بوو کە گوزەرانی خەڵکی ئەو ناوچەیە خۆش ببێ، بۆ ئەوەی دڵسۆزیو گوێ ڕایەڵیی سیاسیان بۆ بەغدا دەستەبەر بکرێ.

لە ماوەی سالأنی (1977-1980)دا، من خۆم، لە پارێزگاکانی دهۆكو هەولێرو سلێمانی کە ناوچەکە بە رەسمی پێی دەگوترێ (ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی)، بەشداری لێکۆڵینەوەیەکی

1 – نووسەر وشەی (ferme)ی بەکار هێناوە کە بە مانای کێڵگە دێ، بەلأم ئەو وشەکەی هەمیشە وەکو زاراوە بۆ خانووو بۆ کێڵگەی بەرهەم هێنانیش بەکار بردووە. وشەکە لە کوردیدا زیاتر بەلای چەمکی خانوودا دەشکێتەوە بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە زۆری هەر بە خانوو لێکدراوەتەوە–و–

مـــەیدانیم کـــرد. لـــەبارەی ژیـــانی مـــاددی ڕۆژانـــەی خەڵکەکـــەوە، سـەرنجو تێبینـی خـۆم لـە (80) گونـدو شـارۆچکە کۆکـردەوە.

لـەو ماوەیـەی کـە مـن لـەوێ بـووم خۆشـگوزەرانی ئـابووریی زادەی نـەوت هیـوای تـازەی لـەناو جەرگـەی دانیشـتوانی کـوردی عـیراق دروسـت کردبـوو. کـردەوەی گۆڕانکـاری لەوپـەڕی تەقینـەوەدا بـوو. کـوردی عـیراق، لـە ڕووی ئابوورییـەوە لـە بـرا کوردەکـانی تورکیـاو سـوریاو بگـرە ئێرانیشـیان زۆر باشـتر بـوونو هوشـیاریو هەسـتی نەتەوایـەتی کوردایەتیشـیان لـە گەشـانەوەدا بـوو. هـەر چۆنـێ بێ، بارێکی شیاوو لـەبار لـە ئارادا هەیـە بـۆ ئـەوەی دەوری ئایندەی کـوردی عـیراق، لەسـایەی پێشـکەوتنی ئـابووریی ئـاخرو ئۆخـری سـالآنی (1970)و بـەرز بوونـەوەی هوشـیاری سیاسـی، بایـەخێکی دیـاری لەسـەر شـانۆی سیاسـەتی ڕۆژهـەلآتی ناوەڕاسـت هـەبێ.

مـن کـە ئـەم ڕاسـتییانە لـەبارەی نەخشـەی بیناسـازیو داڵـدەی کـوردی عـیراق دەخەمـە ڕوو، بـە هیـچ جـۆرێ نەمویسـتووە وێنەیـەکی فـراوانو ڕاقـە کـراوی ئـەم دیـاردە کولتوورییـە پێشـکەش بکـەم، لەگـەڵ ئەمەشـدا لـەو بـاوەڕەدام ئـەو چـەند زانیارییـە زموونییـەی توانیومـە لـە مـاوەی سـاڵە جەنجاڵـەکانی بـەرز بوونـەوەی خـێرایی خۆشـگوزەرانی زادەی نـەوتو گۆڕانـی کولتـووریو گرژیـی تەشـەنە بـووی سیاسـی، کـۆ بکەمـەوە ڕەنگـە نـەختێ سـوود بـە تۆژەرەوانـی ئـاییندە بگەیـەنێ کـە خـەریکی لێکۆڵینـەوەی ڕۆژهـەلآتی ناوەڕاسـت دەبـن. چونکـە هـەر چـەندە، زۆر تـۆژەرەوە لەسـەر کوردیـان نوسـیوە، بـەلآم بـە زۆری وا بـووە ئەگـەر لایـەنی مـاددی ژیـانی ڕۆژانـەی کوردیـان تـەواویش پشـت گـوێ نەخسـتبێ، تـەنیا بـە ڕووکـەش مامەڵـەیان

لەگەڵدا کردووە. جگە لەمە، ئەگەر هەندێ گەڕیدەو تۆژەرەوە بایەخیان بە کولتووری ماددیو ئابووری کوردیش دابێ ، بە گشتی زانیارییەکانیان کۆنو سەردەم تێپەڕیوە، چونکە گومانی تێدا نییە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ مرۆیەکی بیانیو وەختە بڵێم هەر ئەستەم بوو بۆ زانایەکی ئەنترۆپۆلۆجی کە بتوانێ لە ئاخرو ئۆخری (1970)دا بچێتە کوردستانی عیراق.

زۆربەی هەرە زۆری کوردی لادێیی عیراق وەرزێری نیشتەجێن. کوردیی شوانی کۆچەریو نیمچە کۆچەری تەنیا کەمینەیەکی زۆر کەمن لەچاو کۆمەڵە کوردەکانی تری عیراق. لە پاش وەرزی دروێنە، پیاو لێرەو لەوێ هۆبە ڕەشماڵی دەکەوێتە بەرچاو ئەمانە خێڵی (هەرکی)نو هاتوون پەز لە پەریزان دەلەوەڕێنن. هەنگاوێکی تری نیشتەجێ بوون لە باکووری رانیە دەکەوێتە بەرچاو. چیاییەکان زستان لە قەد تەلانان لەناو کوخی بەرد بەسەر دەبەن. کەچی کە بەهارو هاوین دادێ زۆربەیان دادەبەزنە ناو دۆڵی زێی بچووك بۆ دەناو هێنانی زەویو زاری ئاویەیان و لەوێ لەناوجۆرە کوخێکدا دەژین کە دیواری بە خشتی نارێکی لەبەر رۆژ وشك کراوە دروست دەکەنو سەری بە خیوەت دەگرن. لە دۆڵی بە پیتو بەرەکەتی زاخۆ، کە بەرهەمهێنانی تەماتەی بازرگانی لە گەشەسەندنێکی خێرا دایە، زۆر خیوەتی وەرزانە لەسەر تخووبی شیناییەکان هەبوو. ئەمانە خیوەتی کرێکاری نەداری کشتوکاڵی بوون، کە بەخۆو بە ژنو منداڵەوە بەکرێ ئیشیان بۆ وەرزێرە دەوڵەمەندەکان دەکرد. ئەمانە بۆ ماوەی دوو مانگ لەناو ئەم خیوەتانە دەژیان، یان دەچوون قسپو چڵو

چێویـــان کـۆ دەکـــردەوەو کـــەپریان پـــێ دروســـت دەکـــردو دیـــواری
کەپرەکـەش بـەزۆری حەسـیری ئەسـتووری دارخورمـا بـوو. لـەم جـۆرە
هـەوارەدا، هەمیشـە بـەلانی کەمـەوە تـەندورێکی نـان کـردن هـەبوو. لـە
گوندەکـانی بـاکووری رانیـــە، هـــەندێ ماڵبـــات لـــە یـــەک گونـــدا دوو
خـانووی جیاوازیـان هـەبوو: خانوویـــەکی پتـــەو کـــە لـــە بـــەردو قـــوڕ
دروسـت کرابـوو بـۆ زسـتانو یـەکی تـر کـە لـە قـوڕو حەسـیری دارخورما
دروسـت کرابـوو بـۆ وەرزی گـەرما. مـاوەی نێوانیشـیان تـەنیا (100-
200)مـەتر دەبـوو.

## شوێن‌و نەخشەی گوند:

لە پێدەشتا، گوندی کوردان لە نزیک هەولێر ((پێتەختی بەڕێوەبەرێتی- ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی -)) وەکو گوندە عارەبەکانی دراوسێیان زۆر قەوغا بوون. کۆڵانەکانیان تەسک‌و تریسک بوون‌و هەموو لە گۆڕەپانێکی ناوەندی گوندەوە دەستیان پێ دەکردو تێکیان دەکردەوە. مزگەوت‌و خانووی پێشووی ئاغا یان کێخوای گوند (کە سەرۆکی خێڵ‌و دەمڕاستی گوندن) لە نزیک گۆڕەپانەکە بوون. مەرج نەبوو، گۆڕەپانەکە هەمیشە لە ناوەدی گوند بێ. گۆڕی سەر بە گومبەتی شێخ (کە پیاوی خوێندەواری ئایینیانە) دەکەوتە پەرگەی گوندو گۆڕستانیش نەختێ بەولاوە دەکەوتە قەد گردێک. خانووەکان سەریان ئاخەبان بوو. لە تەنیشتەوە سەیری گوندت کردبا هەندێ مێردڕەوی قوڕو هەورەبانی سەر پلیکانەت دەدی. گوندەکان کە بە شێوەی یەکنەوایی لە دەشتی پان‌و بەریندا داکشا بوون، ئەو هەستەیان دەبزواند کە هەموویان وەکو یەك وان. گوندەکان بە گشتی بێ داروودرەخت بوون‌و لە دیمەنی یەك تەختی ڕەنگ قاوەیی پێدەشتدا دەتوانەوە.

لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی عێراق، دەبێ ماوەیەکی زۆر بگەڕێی بۆ ئەوەی ئاوایی ناو دۆڵەکان بدۆزیتەوە. لەبەر ئەوەی زەوی ناو دۆڵەکە هەمووی دەکرایە کێڵگەو شینایی، گوندەکان لە قەد گردی بنار چیا دروست دەکران‌و بە زۆری دەکەوتنە جەمسەری پێک گەیشتنی دو دۆڵ‌و تێک کردنەوەی دوو

ڕووبـار. خانووەکـان بـە ڕیـز لـە قـەد تـەڵانی نیمچـە بازنـەیی دروست دەکـران و بەشـێکیان دەچەقییـە نـاو عـەردو بەسـەر دۆڵـی سـەرەکیدا دەیـانڕوانی. ڕێچکۆڵـەی کـەم و زۆر ئاسـۆیی بـەناو گونـددا دەڕۆیشت. ڕێگـای ئاسـت جـۆراو جـۆر بـەدەم ڕیـزە دار سـنۆبەر درێـژ دەبوونـەوەو بـە باریکـە ڕێ و کۆڵانـی تەسـک و سـەخت دەچوونـەوە سـەریەک. لـە حەوشـەی خـانووی سـەرەوە، پیـاو دەیتوانـی بـێ ئـەوەی بیبینـن بچێتـە سـەر بـانی ئاخـەبانی خـانووی خـواری و لەسـەر بانـەوە جم وجـۆڵ و چـالاکیی حەوشـەی خـوارەوە ببینـێ. هـەندێ جـار باخچـەو ڕەز لـە قـەد پـاڵی هـەوراز گونـدی شـاخاوی و یەکسـەر لـە زەوی تەنیشـتیانەوە هـەبوو. جاروبـار مـەڕو بـزن و ڕەشـەوڵاخ لـەناو لـێڕی تـەنک دەلـەوەڕان. مـرۆڤ و ئـاژەڵی مـاڵی ئـەو لێڕانـەیان کـاول کردبـوو. گۆڕسـتان کـەوتبووە نزیـک گونـدو چـەند پـیرە درەختێـک سێبەریان بەسـەر دا بـڵاو کردبـووەوە.

لـە ئـاخرو ئۆخـری سـاڵانی (1970)دا، لـە کوردسـتانی عێراق، نـە لـە گونـدی پێدەشـت و نـە لـە گونـدی شـاخ، هیـچ نیشـانەی قەڵابـەندی و قایمکـاری نـەبوو لـە شـاخان، نەخشـەی دێرینـی ئاواییـەکان بـە جـۆرێ کـرا بـوو. دراوسـێکان دەیـانتوانی بـە ئاسـانی لەسـەر کۆسـپەی دەرگـاو لەسـەر بانـەوە پـەیوەندی بەیەکـەوە بکـەن. بـەڵام وا پێدەچـوو ژیـانی ڕۆژانـەی کـراوەو تێکـەڵاویی تـەنیا نیشـانەی گونـدە سـاکارو دێرینـەکان بـێ. پیـاو هەسـتی دەکـرد، لـە پێدەشـتا، خەڵکەکـە زۆر ئارەزوویـان لێ بـوو شـوورە بـەدەوری خـانوودا دروسـت بکـەن. هـەروەها لـە چیاکـانیش تێبینیـم کـرد کـە خـانووە نوێکـانی

وەرزێـرە دەوڵەمــەندەکان شـوورەیەکی بڵندیـان بــە دەوردا کیشـرا بــوو بۆ ئەوەی بێگانـە نـاو ماڵـەوە نـەبینن.

لـەو ماوەیــەی کــە لــێرەدا لێکۆڵینــەوەی لەسـەر دەکـەین، دیــار بــوو ڕەگــەزی نــوێ لــە ڕێگــای شـارەکانەوە لــە ژێــر کاریگــەری دەوڵەمــەندە دەســت ڕۆیشــتووەکانەوە، گەیشــتبووە گوندەکــانی کـوردی عـێراق. بـێ هیـچ گومـانو دوودڵییــەك، خـانووو شـێوەی ژیـانی بازرگانــە شارســتانەکانو کۆشــکی قــوڕی چەپــەكو شــوورەبەندی (ئاغا)کـان کـاری لـە وەرزێرەکـان کردبـوو.

## کەرەستەو تەکنیک و ڕێکخستنی بیناو خەرجی:

ئـەو مـاوەی دروسـت کردنـی یـەك خـانووی دێریـن دەخایەنێ، بـە پێـی قسـەو ڕای قسـەکەرە گوندییـە جیـا جیاکانـەوە دەگـۆڕا. بـە شـێوەیەکی گشـتی، دروسـت کردنـی خانوویـەکی گـەورە (دە) کەسـی دەویسـت، مـاوەی (6–12) مـانگ ئیشـی تێـدا بکـەن. لـە زاخـۆ، ماڵبـاتێکی گـەورە دەیـانتوانی خانوویـەکی بچووکـی یـەك ژووری بـە مـاوەی یـەك مـانگ دروسـت بکـەن ئـەو ماڵباتـە دەبوایـە خشـت بـبڕن و کاریتـەی ئەسـپیندار و بـەرد بێنـن و کەرەسـتەی دروسـت کردنـی هەیکەلی خانوەکـە دابـین بکـەن.

سـاڵی (1977)، لـە نزیـك زاخـۆ، وەسـتای بیناکـاری ڕۆژانـەی دەگەیشـتە (5) پێنـج دینـاری عـیراقی، بۆیـە شـتێکی سـەیر نـەبوو کـە بەهـەموو توانایانـەوە هـەولیان دەدا کرێکـار هـەر لـەناو خـێزانی خۆیانـەوە دابـین بکـەن و لـە دەرەوە کرێکـار نـەهێنن. لـەو مـاوەی لـێرەدا لێمـان کۆڵیوەتـەوە، کرێکـار لـە کوردسـتانی عـیراق زۆر دەگمـەن و گـران بـوو، چونکـە هـەر لـەو ماوەیـەدا حکومـەت خـەریك بـوو دەیـان گونـدی (هاوچـەرخ)ی لـەو ناوچەیـەدا دروسـت دەکـردو سـەدان وەرزێـری ناوچەکـەی بـە کرێـی بـاش خسـتبووە کـار. دروسـت کردنـی یـەك خـانووی دێرینـی کـوردی بـە دەوری (10) دە ژووری قـەبارە جـۆراو جـۆر، نزیکـەی (1000) هـەزار دینـاری تـێ دەچـوو، بـەو مەرجـەی هـەموو کرێکارەکـان ئـەندامی خێزانەکـە بوونایـە. لـە حاڵـەتی وادا گرنگـترین شـت کـە دەبوایـە بیکـڕن ئـەو کەرەسـتانەی بیناسـازی

بـوون کـه لـه شـار دەیـانکڕی وەکـو: چیمـەنتۆ گـەچ و کاریتـەی ئەسـپیندارو پارچـە بـەرمیل و چوارچێـوەی ئاسـن و پەنجـەرەی میناب‌ـەندو دەرگـاو چوارچێـوەی هـەرزان. دەبـێ ئـەوەش بڵێـین کـە کۆزە ئەسـپینداری ئاویـە لەتـەك هـەموو شـارو گوندەکـانی کوردسـتان هـەبوو. کۆگـای گـەورەی هـەڵگرتنی کاریتـەی نـوك تیـژی ئەسـپینداریش هـەبوو. دار بەڕووشـیان وەکـو کەرەسـتەی بیناسـازی بـەکار دەهێنـا، بـە تایبـەتی لـە چیاکـان کـە خـانووی دوو نـهۆمی لێ دروسـت دەکـرا، چونکـە دار ئەسـپیندار ئـەوەندە بـەهێز نییـە بەکـەڵکی کۆڵەگـەی ڕاگرتنـی بـانی ژێرخـانی چیـا، یـان بـانی مزگـەوت بـێ، بـەڵام دار بـەڕوو لـە کوردسـتانی باشـووردا، تـا دێ سـاڵ بەسـاڵ لـە کورتـی دەداو حکومـەت قەدەغـەی کـردووە پاشمـاوەی لێڕەکـان ببڕنـەوە، کـە تـا ئـەو کاتـە، بـە هـۆی شـەڕی ئـەم دواییـەی نـاوەخۆ لەسـەر دەسـتی کۆچـەرە نیشـتەجێکانەوە کـە دوای شـەڕ لێڕەکانیـان کردبـووە لـەوەڕگای ماڵاتـەکانیان، تـا ڕادەیـەکی زۆر کـاول کرابـوون. بـەردەکانی دیـواری خـانوو قیمـە یـان قـوڕی بـە کـاوو قەسـەر بـوو. بـەکار هێنـانی بیناسـازی تـازە مێژووەکـەی تـەنیا بـۆ چـەند سـاڵێکی کـەم دەگـەڕێتـەوە. خـۆڵ و ئاویـان لێـك دەداو بـە پـێ دەیانشـێلا تـا دەبـوو بـە قوڕێکـی خەسـت و بـاش دەخووسـا ئەوسـا بـە دەسـت دەیـانکردە خشـتی پـان و زل و(*) پاشـان لەبـەر خـۆر وشـکیان دەکـردەوە. تـەنیا هـەندێ بـەلێندەری دەوڵەمـەند کـوورەی بچووکیـان هـەبوو،

*–لە ڕاستیدا، دوای گرتنەوەی قوڕێکی خەست و بەکا، نەك تەنیا بە دەست، بەڵکو بە خشتبڕ یان قالبڕ خشتەکان بە ڕیز لە تەك یەك دەبڕن و بۆ ماوەیەك لێی دەگەڕێن تا لەبەر ڕۆژ وشك دەبێتەوە –و–.

کوورخانەکەی بە زەیت دادەگیرساو بەرهەمەکەیان لە شاری وەکو هەولێر دەفرۆشت. بە شێوەیەکی گشتی، خۆڵ هەر لە شوێنی دروست کردنی خانووەکەوە هەبوو، کەچی هەندێ جار دەبوایە کەرەستەکانی تری وەکو بەردو دارو کەرەستەی دارتاشی و هتد، لە شوێنی زۆر دوورەوە بێنن. سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی خاوەن تەرەکتەرو عارەبانەکان گواستنەوەی کەرەستەی دروست کردنی بینای حکوومی بوو. شایەنی باسە، ئەوکاتە بەنزین تا ڕادەیەك لە عێراق هەرزان ببوو. کوردیی توێژی وەرزێرە دەوڵەمەندەکان و بازرگانە بچووکەکان ئیشیان بە تەرەکتەرو پیکاب و لاندرۆڤەرو بگرە بە بەلەمی بە ماتۆڕیش دەکرد. ئەم بەلەمانە لە گوندەکانی سەر کەنارەکانی گۆلی دەستکردی دوکان و دەربەندیخان ئیشیان دەکرد. ئەم هەموو ترومبێلە بۆ گواستنەوەی کەل و پەل بەکار دەهاتن، تەنانەت تەکسی و دوببەش بەکار دەهات. لە هەمو شوێنێکدا ئیشیان بە وڵاخی باریش دەکرد وەکو: کەرو ئێسترو بارگیر.

بناغەی خانوویان بە بەرد دەکردو بەردەکەیان لەناو زەوی و زاری دەوروبەر دەهێنا. بناغەیان تا (50-100)سم قوول دەکردو بەردی بناغەیان بە قوڕ لێك دەبەستەوە..

خانووی کوردان لە پێدەشتی خوارێ ژێرخانی نەبوو. لە چیاکان کە خانوو بە دوو نهۆم دروست دەکرا، ژێرخانیان دەکرد بە کۆگای ئازووقەو ژووری وڵاخان. هەر چەندە پیشەگەرە کوردەکان خۆیان وەستاو پسپۆڕی دروست کردنی بینای بە چاتی و بە گومبەت بوون، بەڵام گومبەت زۆر کەم و دەگمەن بوو لە گوندی

گوندان، گومبەت تەنیا لە شاران هەبوو. لە گوندان، گومبەت تەنیا لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی دەشتی هەولێر هەبوو، ئەویش لەسەر مزگەوت و قسنی شێخەکان و عەمباری بچووکی دانەوێڵەی وەکو پووڕەی هەنگ.

بەرزایی دیواریی خانووەکان بە پێی باری ئاووهەوا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕا. لە چیاکانی نزیک ئامێدی، کە زستان لە دۆڵەکان (با)ی دێ، خانووەکان نزمن و بەشێکیان چەقیوەتە ناو عەرد. لە دەشتی گەرمی نزیک هەولێر، خانووەکان بەرزاییان دەگەیشتە نزیکەی (4) چوار مەتر. دیوارەکان بە خشت کرابوون و بە قوڕ هەڵسووڕابوون و بە دەگمەنیش هی وا هەبوو، بە گەچ سپی کرابوو.

بە پێچەوانەی بۆچوونی(بارت) لەبارەی کوردستانی باشووری ساڵی (1951)، لە (1977-1980)، خانووی کوردی عێراق دەرگایان هەبوو. خانووی دەوڵەمەندەکان پەنجەرەی مینابەندی چوارچێوەداری بە شیشەیان هەبوو. ئەمانە لە دەستکردی پیشەگەرەکانی شار بوون کە کەرەستەی نیمداشتیان بەکار دەهێنا. بۆ نموونە وەکو سندووقی دارو (تەنەکە)ی ڕۆنی زەیت. سەرەڕای ئەمانەش وەرزێرەکان نرخێکی تا بڵێی گرانیان بەم شتانە دەدایە پیشەگەرەکانی شار.

بانی خانووی دێرینی گوند وشارۆچکەکانی کوردان تەخت و ئاخەبان بوو. بریتی بوو لە چەند چینێکی یەك لەسەر یەك لە: حەسیری دارخورما و قسپ و هەراش و قوڕی بە کاو قەسەر. ئەم هەموو چینە دەکەوتنە سەر چەند کاریتەیەکی دار ئەسپیندار کە بە

گوێــرەی تــەوەری بیناکــە، بــە بــەرینایی، یــان بــە درێژایــی بەسـەر دیوارەکـان ڕا دەنــران...بانەکــەیان بــە چینــە قوڕێـك سـواخ دەداو کـە کـزر دەبـوو بـە دەسـت (بـاگوردان)ی بـەرد، یـان دار بـەڕوویان لەسـەر دەگـێڕا. بەمـەوەش نـاوەوەی خانووەکـە زۆر بـە چـاکی لـە گـەرمای هـاوین‌و سـەرماو (دلۆپـە)ی زسـتان بـە دوور دەبـوو. پـاش بـەفرو بـارانیش دەبوایــە زۆر بــە شــارەزایی بانەکــە بپەسـتنەوە. دە دوازدە ساڵێك دەبێ، ئێسـتا وەرزێـرە کوردەکـان پارچـە بـەرمیلی پتـەو لەسـەر قسپ‌و هـەراش‌و لـەژێر قـوڕی سـواخ داوێنـە بـان.

لـە مێـژ نییـە کـوردە گوندینیـە دەوڵەمـەندەکان چیمـەنتۆ بـۆ بڕینـی بلـۆك‌و دروسـت کردنـی دیـوار بـەکار دێنـن. ئـەوەی عـەردی ((دیوەخانــە))ەکــەی چیمــەنتۆ بکردایــە نیشــانەی ئــەوەبوو کــە کابرایــەکی دەوڵەمــەندو نوێخــوازە. دەوڵەمــەندەکانی شــار خانوویــان بــە شــیش‌و چیمــەنتۆ دەکــرد. خانووەکــانی پــڕۆژەی ((گونــدە هاوچەرخـەکان))کـە حکوومـەت پـارەی بـۆ تـەرخان کردبـوو، بـە بـەرد دروســت دەکــران و هــەندێ جــار بــە چیمــەنتۆش. وەرزێــرە دەوڵەمـەندەکانی نزیـك هـەولێر کـە خـەریکی شـینایی بـوون، لـەباتی کاریتــەی ئەسـپیندار شـێلمانی ئاسـنیان دەهاویشـتە بـانی خـانوو. ئـەم هـەموو نوێکارییـە بـە چـاکی لەگـەڵ بـاری ئاووهـەوای ناوچـەیی نـەگونجانرا بـوو بـەڵێندەرە ناوچەییـەکان کـە خانوویـان بـە شـێوازی کەرەسـتەی دێریـن دروسـت دەکـرد، هـەندێ جـار لەگـەڵ ئـەو تـەکنۆلۆجیاو ئـەو کەرەسـتانەی زیـاتر وەکـو کـەمالیات دەیانـهێنا نـەك لەبـەر پێویسـتی، بـەرەو ڕووی گـیروگرفت دەبوونـەوە.

## نەخشەو ئەرکی خانووی بچووک:

خانووی هەرە سادەو هەرە بێ نموودی کورد، بینایەك بوو لە یەك تاکە ژوور پێك هاتبوو، خاوەنەکەی بە خۆو بە خێزانەوە تێدا ستر دەبوو. کۆلیتێکی وەکو پوورەی هەنگی لە پێشەوە هەبوو. هەندێ جار لە پشتەوەی خانووەکە حەوشەیەکیان بە کۆتانی درواوی دەکرد. شەو هەندێ بزنو مەڕیان تێ دەکرد. خانووی سادەیی وەرزێری هەژارو جووتیاری ناو خۆرەوەی گوند کۆمەڵە گیایەکی وشکەوە بووی سێ مەتر بەرزی لێ بوو، (کێلی)، بۆ ئالیکی زستان هەڵیان دەگرت. سەکۆیەکی قوڕیش لەبەر دەرگا هەبوو. هەندێ جەرە ئاوی لەسەر دادەنرا. ئەم جۆرە خانووە، لەگەڵ باش بوونی گوزەرانی خاوەنەکەی، وردە وردە گەورە دەکرا. تا پاش ماوەیەك وای لێدەهات خانووی کوردی هەموو لای دەبوو بە بیناو ژوورو دیوارێکیشیان بۆ دەکرد بۆ ئەوەی شێوەی لاکێشەیی تەواو وەربگرێ. بە شێوەیەکی گشتی لایەکی ئەم خانووە بە دیواری خانووی دراوسێوە دەنووساو هەندێ جار دیواری خانووی ماڵەوەو کۆگا بە یەکەوە دەلکان. کوردەکانی هەر گوندێك هەر یەکە بە جۆرێ دەبوونەوە خزمی یەکتر. جا چ لە پشتێ بێ (خوێنگر)و چ لە بەرێ بێ (خزمی لە ژنان).

لە ماڵەوە، ژیانی ڕۆژانە بە شێوەیەکی سەرەکی لەناو ((حەوش -حەوشە))ی بەردی ناڕێكو دەرزۆ پێو بەڕێوە دەچوو. لە

وەرزی گەرمادا، ئاگرێکی سەر والآ. یان مەقەڵەیەکی نوێی غازت لە ناوەڕاستی حەوشەیماڵەوە دەکەوتە بەرچاو کە مەنجەڵێکی گەورەی بە سەرەوە بوو. لەناو حەوشەوە دەتتوانی نەك هەر تەنیا بچیتە ناو ژووری ماڵەوە، بەڵکو دەتتوانی بچیتە ناو تەویلەی کەران و هۆری بزن و مەڕان، بچیتە ناو گەوڕی بچووك و تاریك و هەوا خراپی ڕەشەولاخ، بچیتە ناو کۆزی بەرخان و بگرە بچیتە ناو کادینیش. ئاودەستی هاوبەشی پیاوان و ئافرەتان کەوتبووە قوژبنێك. وەرزێرە دەوڵەمەندەکان گەراجی تەرەکتەر و پیکاب و لاندرۆڤەریان هەبوو لەتەك دیواری ماڵەوە کاولێکیان بۆ گاسن و ز ماڵە تەرخان دەکرد.. وا دەبوو، دوو ناندین لە حەوشەدا هەبوو: یەکێ بۆ زستان و ئەوەی تر بۆ هاوین. بۆی هەبوو سەرشۆرکێکی هاوبەش و ژوورێکی قوڕیش بۆ هەڵگرتنی کەل و پەل هەبێ. بە زۆری، کەرەستە و کەل و پەلی پێویستی ڕۆژانەیان لە ڕووکاری پێشەوەی ماڵێ بە دارەوە هەڵدەواسی. ڕیخ و قەسەریان لێك دەداو دەیانکردە خەپڵەی خڕ (تەپاڵە) و هەر بە تەڕی لە دیواریان دەدا، بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆژ وشك بێتەوە، ئەوسا لێیان دەکردەوە و بۆ سووتاندن هەڵیان دەگرت. هەندێ ماڵە دەوڵەمەندو گەورەی پێدەشتی خوارێ دوو حەوشەیان هەبوو: یەکێ بۆ پێویستیەکانی ماڵەوە بوو. ئەوەی تریش کە لە یەکەم دابڕا بوو، بۆ ئاژەڵ و مالآت بوو، کۆلێك و ژوورێکی ئاژەڵ و کۆگایەکی لێبوو. ئەگەر وەرزێرەکە ژنێکی زیاتر هەبوایە بەشی ماڵەوەی دەکرد بە دوو خانوو و دوو حەوشەی سەربەخۆ.

خـــانووی ناوچـــەی شـــاخاوی دوو نـــهۆم بـــوو، ئـــەویش نەخشـەی هـەر لاکێشـەیی بـوو. نـهۆمی خـواریٚ ((ژێرخـانی)) کـە بـە زۆری بەشـێکی دەچـوە نـاو تـەلانی پشـتەوە، ژووری کۆگـاو تەویلـەی ولاٚخـان و هـۆری پـەزانی تێدا بـوو. نـهۆمی سـەرێش ((سـەرخانی)) بـۆ ماڵـەوە بـوو. بـە دەرگایـەکی بـە قەنتـەرە دەچوویتـە حەوشـە. قەنتەرەکـە لای دەسـتە چـەپ و دەسـتە ڕاسـتی شـوێنی هـەڵگرتنی کەل‌وپـەل و زیـن و تێرکـە بـوو. ((تـەندوور))ێکـی نـان کردنیـش هـەبوو. پلیکانەیـەکی سـادە دەچـوە (سـەرخانی)، بـەلاٚم بـە شـێوەیەکی گشـتی وەرزێـر میوانـەکانی، یـان بـە دەرگایـەکی دەرەوە دەبـردە سـەرخانی کە لـە قـەد تەلانەکـەوە بۆی دەچوو، یـان بـە پەیژەیـەك سـەری دەخسـت کە لـە پێشـەوەی ماڵـەوە دەچووە سـەر بانیژەکـە.

قـەبارەی خـانوو جـۆراو جـۆر بـوو. لـە پێدەشـتی نزیـك هـەولێر، خـانووی گوندینییـە دەوڵەمـەندەکان لاکێشـەیەکی (12م×20م، یـان 35م×45م) بـوو. لـە نزیـك زاخـۆ، بەشـی ماڵـەوەی خـانووی وەرزێـری دەوڵەمـەند (30م×40م) بـوو. خـانووی دوو نـهۆمی چیایی زاگرۆسـی نزیـك پێنجویـن (10م×30م)ی دادەگـرت، بـەلاٚم هـەندێ جـار لـە دوو سـێ ئاسـتی جیـاوازدا بـوو. لـە دۆڵـی زاخـۆ، خـانووی وەرزێـرە هـەژارەکان تـەنیا (4م×15م) بـوو.

## خانوو: ڕازاندنەوەی ماڵەوە، کەلوپەلی ناو ماڵ، بەکار هێنانی بەشی ماڵەوە.

لــە ئــاخرو ئۆخــری ســاڵانی (1970)دا، خــانووی گونــدی کــوردی بــە دەگمــەن رازانــەوەی بــە خۆیــەوە دەدی. تــەنیا لــە پێدەشتی نزیــك هــەولێر لیســیکۆترو مــێردرەوی بــە خشــت کــراوی دەورانــدەوری بــان و هــەورەبانی وەکــو بورجــی بچووکــی ســەر (قادرمــە)یــان ((پلیکانــە))هــەبوو.

لــە ناوەڕاســتی لای پێشــەوەی خــانووی دێریــن قووڵاییــەك داکشــابووە ژووری، لــە نێــوان پێشــخان (مدخــل)و ژووریکــی بــێ دیــواری پێشــەوەدا بــوو. ئــەم بەشــەی خــانووی کــوردی لــە نزیــك زاخــۆ پێـــی دەگوتـــرا ))((بەرســـفك))و لـــە چیـــای زاگـــرۆس پێـــی دەگوتــرا((هــەیوان)). بێگومــان ئــەم هەیوانــە هــەمان ئــەرکی داڵانــی بــە تــاق و ڕیــزە دینگــەی زۆر ناوچــەی تــری گــەرمی دونیــای دەبینــی. ئــافرەتی کــورد لــەو هەیوانــە ئیشــی دەکــردو لەگــەڵ منداڵــەکانی دەحەســایەوە. زۆربــەی وەختــی ســاڵیش ســێ جەمــە نانیــان لــێرە دەخــوارد، چونکــە ئاووهــەوای گــەرم و وشــکی باشــووری کوردســتان

خەڵکەکەی ناچار دەکرد لە شوێنێبەرو باگرەوە بژین، تەنیا لە کاتی سەرماو سۆڵەی زستاخزانە ژوورەکانەوە. هەیوان، دیوارەکانی ناوەوەی زبرو ناو ،ی قورو نارێك بوو. لا دیوارێك تاقچەیەکی بۆ دەکراو هیربارسەر دادەنرا. وادەبوو قاپو قاچاغو مەنجەڵەکانی تریان لواری لای پێشەوەی خانوو، لە ژێر گورگەی بان بە سنگەوە هەسی. هەندێ جار، ملاکدانێکی خیوەتی سپیان لەناو هەیواڵدەبەستو چەقۆو کەوچکی فافۆنیان لەبەر ڕا دەکردو تەنان(سنی) گەورەی مەعدەنیشیان پێوە هەڵدەواسی. لە تەنیشتی لەبن دیوارەکە ئاگردانێکی بچووکیان لە قورو بەرد دروسکرد کە (ساج)ێکی پۆلای بە سەرەوە بوو، جاری وا هەبوو،انەکە خەلانکەیەکیبە سەرەوە بوو، بۆرییەکی ستوونی تێ دەگلە بانەکە دەچووە دەرەوە.

## دیوەخانە:

ژووری میوانـــان لــە زاری (ســۆرانی)ی زمـــانی کـــوردی پێـــی دەگوتـــرێ ((دیوەخانـــە)). ئەمـــە لای گەلـــە جـــۆراو جۆرەکـــانی تـــری دونیـــاش هەیـــە. لـــە کولتـــووری ئیســـلامەتیدا، دیوەخانـــە بـــە پێـــی دەســتوور، خەســیەتی تایبــەتیو دەوری تایبــەتی هەیــە. تەنانــەت لای پیــاو مــاقولان، کــە حــەز ناکــەن بێگانــە ژیــانی تایبــەتی نــاو ماڵــەوەیان (حەرەمســەرا) ببینــێ، ئــەو پێویســتییە دێتــە کایــەوە کــە ژوورێکیــان هــەبێ لــە ژوورەکــانی تــر ی ماڵــەوە دابــڕا بــێ. بــەلام دیوەخانــە لــە کولتــووری دێرینــی کوردیــدا ئــەرکێکی ئــاڵۆزتری هــەبووە.

لــە زەمـــانی خـــۆی، هـــەر گونـــدەو تـــەنیا یـــەک دیوەخانـــەی لێبـــوو. خـــاوەنو بەڕێوەبەرەکـــەی کابرایـــەکی دەســـت ڕۆیشـــتووی گوندەکــە بــوو وەکــو: ئاغــا، یــان کێخــوا، یــان شــێخ کــە ئــەرکی ســەر شــانی بــوو بــەدەم میوانانـــەوە بچـــێو خواردنـــی باشـــیان پێشـــکەش بکــا. هــەر لــە ڕێــی ئــەم دیوەخانــە دێریــن خۆشەویســتەوە کــە مولکــی ئاغــای گونــد بــوو، گــەڕیدە ئەوروپییــەکان منــەتباریان کردوویــن کــە تــابلۆو وەســفێکی ژیــانی ڕابــردووی لادێــی کوردەوارییــان بــە ئێمــە گــەیاندوە، بــەلام زۆر بــە وردی نــا. ئــەم گەڕیدانــە لەبــەر ئــەوەی بێگانــەی ڕێــزدار بــوون نــەدەچوون لــەناو کووخــی قــوڕی وەرزێرەکــان بخــەون، بــەڵکو لــە مــاڵی ئاغــا دەمانــەوە. بەشــێکی زۆری تێبینییــە ئیتنۆگرافییــەکانی هێنــی هــاڕۆلد هانســن لــە بــارەی ژیــانی ئــافرەتی لادێــی کــورد لــە کۆتــایی ســالانی (1950)دا، لــە کۆشــکی گــەورەی

شێخی گونــدی (ڕەکتــاوە) وەرگــێراوە(*). دیوەخانــەی پیــاوی بــە دەســتەڵات ئــەرکێکی کۆمەڵایــەتی -سیاســی هــەبوو. دیوەخانــە شوێنی کۆبونەوەی نوخبەی سیاسیو ڕەشەوەندی گوند بوو، بەڵام ئەم ئەرکە سیاسییەی دیوەخانەی کوردی، لە سەرەتای سالآنی (1950)دا ببوو بە دیاردەیەکی سەردەم تێپەڕیو. ئەمڕۆ لە کوردستانی عیراقدا هەر وەرزێرێکی ڕێزی خۆی لا بێو دەستی بڕوا دەبێ دیوەخانەی تایبەتی خۆی هەبێ.

لە زۆربەی هەرە زۆری پارچەکانی کوردستانی هاوچەرخی باشوور، دیوەخانە بابەتی سەرەکی شانازی پێوە کردنو خۆ پێوە ڕانانی وەرزێرەکان بوو. بە گشتی دیوەخانەی دێرینی کوردی نەختێ لە ژوورەکانی دی گەورەتر بوو. بایەخێکی زۆریان بە دروست کردنی پەنجەرەو دیوارەکانی دەدا، ناو عەردەکەیان بە قوڕ سواخ دەکردو بە بەرد (مالْنج) لووسیان دەکرد، بەڵام ئەوەندە

---

• -هێنی هارۆلد هانسن نووسەرێکی دانیماریکی بوو. سالی (1957) هاتبووە کوردستان. دوو کتێبی لەبارەی کوردو بەتایبەتیش ئافرەتی کورد نووسیوە؛:هەردوکیان کراونەتە کوردی:

1-کچانیکورد، وەرگێڕانی دکتۆر ناجی عەباس ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، 1980.(ئەم کتێبە ئەسلەکەی سالی 1960 بەناوی- Danghters of ALLAH - بلأوکراوەتەوە).

2-ژیانی ئافرەتی کورد، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، 1983.(ئەم کتێبە ئەسلەکەی سالی 1960 بەناوی The Kurdish Woman's Life-بلأوکراوەتەوە).

هەبوو بەم دوا دوایییە هەندێکیان ناو عەردەکەیان بە چیمەنتۆی گران دادەڕشت. مرۆی ئەورووپی کە دەچووە ناو دیوەخانەی کوردی‌و دەیدی هیچی لەو کەل‌وپەلانە تێدا نییە کە ئەم پێیەوە ڕاهاتووە، هەر تاسێك دەیبردەوە. ژووری دیوەخانە لەگەڵ یەکەم سەرنجدا. ئەو هەستەی دەبزواند کە بە تەواوی چۆڵ‌و هۆڵ بێ، بەلام ئەمە تەنیا هەستێکی ڕووکەشەو هیچی تر. لە ڕاستیدا، هەموو شتێکی ناو ئەم ژوورە جۆرە حەسانەوەو ئیسراحەتێکی تایبەتی بۆ خۆیان دابین دەکرد جیا بوو لەوەی مرۆی ئەورووپی چاوەڕێی دەکرد. گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە نزیکەی بە درێژایی ساڵ، لە ئاووهەوایەکی گەرم‌و وشك دەژیان هەستیان نەدەکرد پێویستیان بەوە بێ لەسەر شتی بەرز دابنیشن‌و بخەون کە تەواو لەسەر عەرد جیا بوبێتەوە، کەچی ئەورووپییەکان پێویستیان بەم جۆرە کارە بوو، چونکە عەردەکەی ئەوان ساردو تەڕە. کورد مافوورو قاڵی‌ورایەخیان لەناو دیوەخانە لەسەر عەرد ڕادەخست، ئەمانەش یان کابانی ماڵەوە دروستی دەکردن‌و یان لە شار دەیانکڕی. کورد، بۆ ئەوەی مافوورو قاڵییان پیس نەبێ، لەسەر کۆسپەی دەرگا پێڵاویان لەپێ دەکردەوە. لەماڵە دەوڵەمەندەکان کەوشکەن هەبوو، پارچە عەردێك بوو لەبەر کۆسپە بەلای ژوورەوەدا، دەوری (30)سم لەناو عەردی دیوەخان نزمتر بوو. پێڵاوەکانیان لەوێ لەپێ دەکردەوەو بەجێیان دەهێشت.

میوانەکان لەبن دیوار لەسەر دۆشەکێکی پەمۆ، یان لەسەر ڕایەخێکی تازەی بەرگ لووسی قوماش گوڵگوڵی دادەنیشتن. پشتیان بە (بالیف -پشتی)ی مووی بزن دەدا. کوردیش وەکو گەلە

کونـەکانی تـری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت چـوار مەشـقی دادەنیشـن و چۆکیـان دەنوشـتێننەوە ژێـر خۆیـان و بەمـەوە زۆر چـاک ئیسـراحەت لـەخۆیان دەکـەن. گوندیـیـەکان دانیشـتنی سـەر کورسـیان بـەلاوە سەخت و سـەخڵەت بـوو. وایـە وەرزێـرە دەوڵەمـەندەکان کورسـییان لـە ماڵێدا هـەبوو، بـەڵام ئەمـەیان زیـاتر بـۆ خـۆ پـێ هەڵکێشـان دەکـڕی نـەک لەبەر پێویسـتی، هـەر بۆیـە زۆر بـە دەگمـەن بـەکاریان دەهێنـا ئـەویش ئەگـەر بێگانـەیان میـوان بوایـە. لـە شـەڕی دووەمـی جیهانییـەوە، ئێسـتا قەرەوێڵەیـەکی ئاسـنی چـەمینۆک لـە قوژبنێکـی دیوەخانـەی کـوردی دەکەوێتـە بـەرچاو. ئـەم کەرەسـتە تازەیـە تـەنیا بـۆ میوانـی مـاقووڵ و پایـەدار دادەنـرا، بـەو بۆچوونـەی گوایـە ئـەم جـۆرە کەسـانە بـە زەحمـەتن و دەیانـەوێ لـەناو نوێنـی وادا بخـەون کـە ئەندامـەکانی تـری ماڵـەوە بـەکاری نـەهێنن. بۆیـە قەرەوێڵـەی نـاو دیوەخانـە وەکـو ئەسـتێرک بـۆ ئـەوە بـەکار دەهـات دۆشـەک و لێـف و بـالیف و چەرچـەفیان لەسـەر دادەنـا، هـەندێ جـار ئـەوەندەیان دەسـتە نوێـن لەسـەر دادەنـا، دەگەیشـتە سـاپیتەو زۆر بـە دەگمـەنیش وا دەبـوو هـەر بـە کـەم تەرخـەمی پۆپـەشمینێکی ڕەنگـاو ڕەنگیـان بەسـەردا هەڵدەکێشـا. گوندیـیـەکان کـە نەخۆشـیش دەکـەوتن هـەر وایـان بەلاوە خۆش بـوو دۆشـەکێک لەسـەر هـەمان مـافوور ڕابخـەن و لەسـەری پاڵ بکـەون.

مـافووری بچووکـی دەسـتچن و وێنـەی ئـەندازەیی و ئایـەتی قورئـان و دیمـەنی ڕەمـزی ئیسـلامیان لـەدیواری ژوورەوەی دیوەخـان دەدا. ئەمانـە لـە پەڕاوگـەکان چـاپ دەکـران و هـەر لـەوێش دەکـران وەکـو: دەسـتی بـەرز بوونـەوەی دوعـا کـردن و چـاوی نـاو سێگۆشـەو

زاگرۆس و بناری چیاکانی نزیك زاخۆو ئامێدی و ڕانیه ژوورەکانی تری ماڵەوە وەکو دیوەخانه پاك و فراوان و خۆش نەبوون. ئەوەی پێی دەگوترێ ژووری ژنان، یان ژووری ماڵەوە، ژوورێکی قەرەباڵغ و تاریك و کەم پەنجەرە بوو. هەندێ جار ژووری ماڵەوە پەنجەرەی ڕاستەقینەی ناو دیواری هەر نەبوو بۆ ڕووناك کردنەوەی ناوەوە، ڕووناکی تەنیا لە کلاوڕۆژنەی بانەوە بۆ دەهات، ئەویش کە زستان دادەهات بە پارچە لبادو ڕایەخ قەپات دەکرا. عەردی ژووری ماڵەوە نارێك بوو. نیمدەری بە پینەو پەڕۆو لبادی ئەستوورو تۆزاوی لێ ڕاخرابوو. لە دەوروبەری پێنجوێن لە هەندێ شوێنا ژوورێکی تاریك و بێ هەوا گۆڕێکی لە ماڵەوە هەبوو، ئاگردانێکی تێدا بوو، ژن ژەمی ڕۆژانەیان لەسەر لێدەناو دووکەڵەکەی بە تەپی بەرز دەبوورەوەو بە کلاوڕۆژنەی باندا دەچووە دەرەوە. مەنجەڵ و کتلی بە قیتی و بە کەوتوویی بەو ناوەدا بڵاو ببوونەوە. هەندێ جار لانکەیەکی داری بۆیە کراوت دەدی ((لانك-بێشکە)) بەهەوا هەلواسرابوو و کۆرپەیەکی تێدا لە شیرین خەودا بوو.

دیوەخانە نەبێ ژوورەکانی تری خانووی ئەم گوندە دێرینە کوردییانە بۆ زۆر مەبەستی جۆراو جۆر بەکار دەهاتن. بە ڕۆژ نانخواردن (مدبەق) و کۆگا بوون و بە شەو دەبوون بە ژووری نووستن. زۆر جار ژوورم دەدی نیوەی پڕ کرابوو لە فەردەی پڕ گەنم و لە پشت فەردەکانیش یەك دوو سندووقی بووکێنی قەپاغ ڕەنگاوڕەنگ شرابونەوە. دیارە مەبەستیان ئەوە نەبوو ئەم کەرەستانەی ڕازاندنەوە بخەنە پێش چاو، بەڵکو زیاتر مەبەستیان

ئەوە بوو وەکو شتێکی بە نرخ هەڵیان بگرن. لەم ژوورانەی کە هەم بۆ نووستن بوون و هەم کۆگا، کەرەستەی بەنرخی ناوماڵ لەسەر عەردەکە بڵاو ببونەوە وەکو: مەنجەڵ و سەماوەرو هتد.. ئاگردانێکی سەرواڵا لە ژوورەوە هەبوو. لەبن دیواریش سەکۆیەکی نزمی قوڕ، یان چیمەنتۆ کرابوو. کونێك لە لای هەرە نزمی عەردی ژوورەوە لە دیوار دەچووە دەرێ. ئەمە سەرشۆرکی ماڵەوە بوو. ئەم سەرشۆرکە خۆماڵییە، یان ئەم گۆشەی خۆ شۆردنە زاراوەیەکی بۆ بەکار دەهات ئەگەر وشە بە وشە لێکی بدەیتەوە بە مانای (شوێنی شوشتنی سەر) دەردەچێ. ئاویان لەسەر ئاگر دەکوڵاندو ئەوەی دەیویست خۆی بشوا، خۆی ڕووت دەکردەوەو دەچووە سەر سەکۆکەو پێدا دەهات بە پەقلەج ئاوی لە تەوقی سەرییەوە بە هەموو لەشیدا دەکرد.

لە ساڵانی (1970)دا، مەسەلەی بەکار هێنانی ژوورەوەی ماڵەوەی گوندی کوردی بۆ مەبەستی زۆر جۆراو جۆر خەریك بوو لەناو دەچوو. لە نزیك زاخۆ خێزانە دەست ڕۆیشتووەکان هەوڵیان دەدا کەرەستەی نوێ بخەنە ناو ماڵەکانیان و خەسیەتێکی تایبەتی تر بەناو ماڵەکانیانەوە بدەن. ئەم دیاردەیە لە پێدەشتی نزیك هەولێر زۆر ئاشکراتر بوو تا لە گوندە لاچەپەکانی ناو شاخان. دیوەخانەکان ساکارترو بە تاڵتر بوون، بەرامبەر بەمەش ژووری ئافرەتان گەورەترو خۆشتر بوو. مافوورو لبادی ئەستووری لێ ڕاخرا بوو. مافووری بچووکیش بە دیوارەوە هەڵواسرا بوون. دۆلابی گەورەو ڕێك و پێك و ڕەنگاوڕەنگی وەك سندووق و هەندێ جاریش دۆلابی تازەی فۆرمیکای قاوەیی جێگای سندووقی

بووکێنـی سـادەو سـەرەتایی گرتبـووەوە. لێرەشـدا تۆپەڵـە جلـی ڕەنگـاوڕەنگ بـە تێکـەڵ و پێکـەڵی لـە قووژبنێکـدا کـەوتبوو جاروبـاریش وا دەبـوو، بـەڵام بـە کـەمی، کـە ژنـی وەرزێرێکـی دەوڵەمـەند مەکینـەی دوورمـانی هـەبوو. لـەم جـۆرە خێزانانـەدا کەرەستەی هـەرە بەهاداری بـە نرخـی سـەراپای گونـد هـی ئـافرەت بـوو کـە نرخـی دەگەیشـتە (500) دینـاری عـیراقی (دەوری 10000 فرەنـك بـە گوێـرەی گۆڕینـەوەی ڕەسمـی). بـە قسـەی یـەکێ لـەو کوردانـەی زانیـاریم لێ وەرگرتـن، بنـەمای ئـەم دیـاردە کولتووریـە بـۆ دەستپێشـخەری ئاغـاو شـێخەکان دەچێتـەوە، چونکـە یەکـەم جـار ئـەوان بـوون ناومـاڵی وا بـە نرخیـان بـۆ ژنـەکانیان دەسـتەبەر کـرد.

ئەگـەرچی مـاڵی هـەموو وەرزێـرە دەوڵەمـەندەکان، کەرەسـتەی کـەماڵی وەکـو ڕادیـۆو تۆمارکـاری یابـانی و تەلـەفزیۆن و گـیزەری کارەبـایی و بگـرە ئـامێری زلی سـاردکەرەوەی هـەوای لێ بـوو، بـەڵام مـن هیـچ کـاتژمێری دیـوارم نـەبینی، لـە کـاتێکدا کـە نزیکـەی هـەر هـەموو گەنجـە وەرزێـرە کوردەکـانی ئـەم ناوچەیـە کـاتژمێری ئـەلکترۆنی زۆر پێشـکەوتوویان لـە دەسـت بـوو کـە زیـاتر بـە قاچـاغ لـە ئێرانـەوە دەهـات.

ئاخـەبان ڕەگـەزێکی زۆر گرنگـی کولتـووری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـوو. ئـافرەت زۆربـەی کاتیـان لەسـەر بـان بەسـەر دەبـرد. ئاخـەبان ئێسـتاش شـوێنی گردبوونـەوەی خـێزان و کۆبوونـەوەی کۆمەڵایەتییـە. بـە تایبـەتی دوای ڕۆژئـاوا لـە وەرزی گـەرمادا. لـەو سـاتانەی سـاڵ دا، ئاخـەبان دەوری ژووری نووستنیشـی دەدی. لـە ناوچـەی پێدەشـتی هـەولێر، لـە گوندیـدا هـەر ماڵـەو ئاخـەبانێکی

تایبەتی هەبوو، مێردڕەوێکی نزمی بە خشت بۆ کردبوو، بە زۆریش بانەکە دەکرایە دوو بەش : لایەکی بۆ ئەندامانی ماڵەوەبوو لایەکەی تری بۆ میوانان بوو. هەورەبانێکی بچووکیش لە ناوەڕاستی بانەکە هەبوو (کۆشک)، وەکو کۆگا وابوو لێفو دۆشەكو نوێنی تریان لێ دادەنا. ئەم ئاخەبانانە لە ڤێلا نوێیە چیمەنتۆکانی باکووری عیراقیش هەبوون، کە شوورەیەکی بڵندیان بە دەوردا دەکرا. خەڵکی شار شەو لەسەر ئەو بانانە دەنووستن، لەسەر قەرەوێڵەی زلی ئاسن کە بە شەو کوللەیەکی سووریان پێ دادەگرت. هەندێ جار وەرزێرێکی دەوڵەمەند سەکۆیەکی ڕەقی یەك مەتر بڵندی لە پێش دیوەخانە، لەناو حەوشە دروست دەکرد، میوان لە شەوی گەرمدا لەسەری دەخەوتن. سۆبەی زلی چەسپیو کە لەناوچە ساردەکان باوی هەیە، لە کولتووری دێرینی کوردی کوردستانی باشوور نەبوو. خۆشبەختانە زستانی ساردو بە (با)و بەفرو تەڕو تووشی لە کوردستانی عیراقدا زۆر کورتە، بۆیە لە ماڵەوە خاووخێزان ئاگرێك دەکەنەوەو خۆی پێ گەرم دەکەنەوە. بۆیان باس کردم کە حەفتا ساڵ پێش ئێستا لە ناوچەی سلێمانی خەڵکەکە لە ناوەندی ژووریٚ قۆرتێکیان هەڵدەکەندو پڕ پشکۆی گەشاوەیان دەکردو ژوورەکەیان پێ گەرم دەکردەوە. ئەم جۆرە قۆرتەی خۆ گەرم کردنەوەلە گوندەکانی بانی ئێران‌و ئەفغانستانیش باو بوو. کوردی عیراق بە زۆری سۆبەیان بەکار دەهێنا، کە لە بەرمیلێکی خڕ دروست دەکریٚ‌و بۆڕییەکی تیٚ دەگیریٚ لە بانی خانوو دەچێتە دەرەوە. جاری‌واش هەبوو، لەباتی ئەم جۆرە سۆبەیە (مەقەڵە)یان بەکار دەهێنا کە لە شێوەی تەنەکەدا

بوو، ڕەژووی داریان تێدا دەگەشاندەوەو بە زۆری قۆرییەکی چایان لەسەر دادەنا. ئەم جۆرە سۆبە ساکارو دەستگۆزانە و هەندێ جار سەماوەریش تاکە سەرچاوەی خۆ گەرم کردنەوە بوون لە ماڵەوە. ئەوانەی سەرمایان بوایە لە دەوری ئاگرەکە هەلدەترووشکان‌و بە قسەو چا خواردنەوە کاتیان بەسەر دەبرد. وردە وردە سۆبەی خڕی بەرمیل کە بە نەوتی ڕەش دادەگیرسا لای وەرزێرە دەوڵەمەندەکان سەری هەڵدا. لە ئاخرو ئۆخری (1970) زۆربەی ئامێری کارەبایی نوێی گەرم کردنەوە لای تاقمی دەوڵەمەندی گوندان دەکەوتە بەرچاو، هەڵبەت لە هەمان کاتدا لە ماڵی دەوڵەمەندەکانی شاریش هەبوون.

سووتەمەنی دێرین بریتی بوو لە زبڵی وشك‌و داری قەلاشکەری شاخان. ڕەژووش لەدار دروست دەکرا. لە ئاخرو ئۆخری سالأنی (1970)دا، درەخت لە کوردستانی عیراق زۆر خێرا بەرەو نەمان دەچووو حکوومەت هەوڵی دەدا برینەوەی دار بۆ سووتاندن قەدەغە بکات. لە پێدەشتی خواریێ‌و لە بنار شاخان نەوتی سپی‌و نەوتی ڕەش کەتا ڕادەیەك هەرزان بوو، خەریك بوو وردە وردە جێگای سووتەمەنی دێرینیان دەگرتەوە. بەلأم لەناو چیاکان خەڵکی گوندەکان هیچ ئارەزووی کڕینی سووتەمەنی بەنزینخانەکانیان نەدەکرد چونکە هزرەو داری قەلاشکەری لە نزیکەوە زۆر بە هەرزانی دەست دەکەوت. ئەمانە، بە پێچەوانەی کوردی پێدەشت‌و گردۆلکەکان، زبڵیان بەکار نەدەهێنا. لەناوچەی پێنجوین سەرەنوێلکی زلی زبڵ لە دەوری گوندەکان هەبوو. ژنان هەموو سبەینان زبڵیان دەهێنا لەوێ فڕێیان دەدا. ئەمە، شان بە

شانی دیاردەی تر، هۆکاری زیاد بوونی دار بڕینەوە بوو لەو ناوچەیە.

سەرباری نەبوونی سۆبەی گەرم کردنەوەی چەسپاو، ڕاستی، لە ماڵی دێرینی گوندی کوردیدا هیچ جێگایەکت نەدەدی تایبەتی بێ بە ئامادە کردنی جەمەکان. نزیکەی بە درێژایی ساڵ ئاگر لە کوردستانی باشووردا لە هیچ جێگایەك نەدەبوو بە سەرچاوەیەکی پەسندی خۆ گەرم کردنەوە، بەڵکو زیاتر دەبوو بە سەرچاوەی گەرمای زیادەو تەپو دووکەڵ‌و هەر ئەوەندە لە شیو لێنان و نان کردن ببونایەوە، لێی دوور دەکەوتنەوە، بۆیە ئاگر لە زۆر شوێنی جۆراوجۆری ماڵەوە دەکرایەوەو بە پێی وەرزو ئاوو هەوا سوودیان لێ وەردەگرت. ناندین (مدبەق)ی زستانە لە ژوورەوە بوو، بۆ ئەوەی خۆیان لە ئاووهەوای سەختو ناخۆش دوور بخەنەوە. ناندین شوێنێکی تایبەتی بوو بە کاری ئافرەتان. شوێنێکی سەربەخۆ بوو و بە تەواوی لە ژوورەکانی تری ماڵەوە دابڕا بوو. لە نزیك هەولێر، ناندین کەوتبووە ناو حەوشەو پشتی بە تەویلەی وڵاخان دابوو. ئەم ژوورە قوڕوتاریکە، کە هەندێ جار پەنجەرەشی نەبوو، ئاگردانێکی نزمی تێدا بوو، هەندێ جار بۆڕییەکی دوکەڵکێشی پێوە بوو و بڕایەوە. هەر لەناو حەوشەو لە تەنیشت ناندین (تەندوورێك) هەبوو کە تەنیا بۆ جۆرە نانێکی تایبەتی بەکاردەهات ((ئەستوورکە تەندووری))، جاری واش هەبوو کە تەندوورەکە لە تەنیشت ماڵەوە بوو و چەند خێزانێك ئەستوورکە تەندووریان پێ دەکرد. لە وەرزی گەرمادا بۆی هەبوو ئاگردانی هەرە سادەو سەروالای ناوەڕاستی حەوشە دەوری ناندین بگیرێ.

تەویلەو هۆر لە پێدەشتو ناوچەی گردۆلکەی کوردستانی عێراقدا یەکێ بوو لە ژوورەکانی خانوویماڵەوە، بەڵام سەربەخۆ بوو، کەچی لە ناوچەی چیاییدا (ژێرخانی)یان بۆ تەرخان دەکرا. ناو ژووری وڵاخومالات، لە سەراپای کوردستانی باشووردا، تەنگو تریسکو ساپیتە نزمو تاریکو نوتەکو بێ تەهویە بوو. لە چیاکاندا بانەکەی کاریتەی داربەڕوو بوو، ناو عەردی ڕاستو تەخت نەبوو. لەبەر میز خلیسک بوو، بۆنی یۆریا چاوی دەتوزاندەوەو ئاوی لێ دەهێنا ناوبڕەکان بە شەقرەو چلوچێوی وشک دەکران، ژووری عەلەهەنگ لە قوڕ دروست دەکرا، ئەمەش هۆی خۆی هەبوو، ئینجا سەری بە ئاخەبان دەگیراو شوێنەکەی لە دووری ماڵو ژووری مالات بوو. لەوێ ڕیزێک پوورەی هەنگ لەسەر شێوەی بوتل دروست دەکرا و بە ئاراستەی ئاسۆیی لە ناوەوە بە ڕیز لە دیوارەکان دەگیران.

جگە لە ژوورەکانی کۆگای بەشی ماڵەوە، کۆگایەکی تر لە بەشی تایبەت بە مالاتەوە هەبوو، دەفرێکی وەکو بەرمیلی لێ بوو، درابووە پاڵ دیوار، دانەوێڵەی تێ دەکراو پێیان دەگوت (کادین)[2]،

2 -ئەمەی ئەو دەڵێ (کادین) نییە، (کەندوو)ە. کادین ژوورێکی ئاساییە سەری گیراوەو کای بۆ ئالیکی زستان تێدا هەڵدەگیرێ. کورد دەڵێ (هەور چوو بۆ بادینان، خۆ هەڵکوتن بۆکادینان) ، پەندێکیش هەیە دەڵێ : ((کا هی خۆت نەبوو، خۆکادین هی خۆت بوو!!)). کەچی کەندوو وەکو بەرمیل وایە، لەسەر پێچکە دروست دەکرێ. هەندێ جار لوولەییەو هەندێ جار لاکێشەییە. سەری والایەو لەلای خوارەوە کونێکی تێ دەکرێ. کەندوو بۆ ئاردو دانەوێڵە بەکار دێ.

ژن لە قوڕوکا دروستیان دەکرد. سەرباری ئەمانە بەرمیلی نوێش هەبوو لە شار دەیانکڕی. پێستەیەکی وشکراوەی مەڕیش (مەشك)[3] کە بۆ کەرە گرتن بەکار دەهات، لە ژوورەوە بە داوێك هەڵدەواسرا. (دەستاپ)ی لێ بوو کە بۆ هارینی دانەوێڵە بەکار دەهات، لەگەڵ چەند داس و چەقۆو تەورێك هتد..و قەفتە گیای بۆنداریش بۆ وشك کردنەوە بە دیوارەوە دەکرا.

3 -(مەشك) کەم وایە لە پێستەی مەڕ بکرێ، چونکە مەشك دەبێ بە تین بێ و پێستەی مەڕیش ئەوەندە تورت و پتەو نییە.بە زۆری پێستەی ڕەشەوڵاخ و هەندێ جاریش پێستەی نێری دەکرێتە مەشکە. پێستەی مەڕ دەکرێتە(هەمبانە) و دانەوێڵەی تێدا هەڵدەگیرێ. مەشکە بۆ ژەندنی ماست و گرتنی کەرە بەکار دێ (ئەویش داب و دەستووری خۆی هەیە)-و-

## بیناى گشتى:

لە کۆتایی سالأنی (1970)دا، پیاو لە کوردستانی عیراق پاشماوەی ئامێرێکی هارینی دەکەوتە بەرچاو کە پێی دەگوترا (دینگ)و بۆ هارینی دانەوێڵەی زەیتی بەکار دەهات. (دینگ) بەردێکی زلی خڕ بوو دەخرایە سەر بنکەیەکی لوولەیی یەك مەتر بڵند. دارێك، یان تەوەرێك بە شێوەی ستوونی دەچووە ناو کونی ناوەڕاستی بنکەکەو بەردەکە. تەوەرێکی تری لە لاوە بە گۆشەی ڕاست لێ قایم دەکرا، ئەویش سەرەکەی بەردێکی زلی خڕی پێوە بوو، کە ئیشی دەکرد ئەم دوو بەردە پێك دەکەوتن و دانەکەیان دەهاڕی. ئەم ئامێرە لە کۆتایی سالأنی (1960)ەوە لە کوردستانی باشووردا چیدی بەکار نەدەهات. ئاشی ئاویش هەبوو کە جاران لە دۆڵەکانی ناوچەکە ئیشبیان دەکرد. بەلأم نەوت و کارەبای هەرزان کۆتاییان بەم ئامێرە دێرینانە هێنا.

بیر، یان کانی گوند شوێنی کۆبوونەوەو بەیەك گەیشتنی ئافرەتان بوو. ئەم کۆبوونەوانەی سەر بیروکانی ببووە ڕەوشتێکی دێرین و بەرێز لە ناوچەی پێدەشت. هەر ئاواییەك یەك دوو بیری لێ بوو. گوریسیان لە تەنکێشی کەرێك دەبەست و دەولکیان پێ لەناو بیر ڕادەکێشا. لە هەندێ شوێندا، حکوومەت ژمارەیەك بیری نوێی لێدا بوو. لە پێدەشتدا، دەوروبەری بیری گوند دەبوو بە یەك پارچە شینایی و ڕووەکی کێوی: دوو سێ درەخت و کۆمەڵە چغوردێکی تۆزاوی بەلأم زیندوو.

قوتابخانەی گوندەکانی باکووری عیراق بینای یەك ئاستی بوون، بەکەلك ئیش دەهاتن، بەلام ناشیرین و پشت گوێ خراو بوون. بە چیمەنتۆ کرابوون و پەنجەرەیان شیشەبەند بوو. بەلام رەحلەکانیان نارێك بوو. هەرگیز لەوە نەدەچوو گوندنییەکان هیچ شانازیان پێوە بکەن و کەمترین بایەخیان پێ بدەن.

زۆربەی هەرە زۆری مزگەوتی گوندەکان بانیان تەخت و یەك نهۆم بوو. هیچی وایان نەبوو لە دەرەوە سەرنج رابکێشێ. نە گومەزیان بەسەرەوە بوو، نە منارە. مزگەوتەکان هەمیشە دوو سێ بلندگۆی دەنگیان لەسەر بانی قایم کرابوو، بەلام ناوەوەی مزگەوتەکان زۆر پاك و رێك و پێك بوو، عەردەکەیان یەك تەختە مافوورو رایەخ بوو. سۆبەیەکی بەرمیلیان لە ناوەندی گیرا بوو. بانیان لەسەر چوار کۆلەگەی دار بەڕووی بە بۆیە سەوز کراو وەستا بوو. دیوارەکان دەلاقەی قوولیان تێدا بوو. زۆربەی هەرە زۆری مزگەوتەکان تۆمارکاری نوێی یابانیان بۆ دابین کرابوو. مزگەوت ژووری دەستنوێژ هەلگرتن و ئاودەستی گشتی لێ بوو. ئاوی کانییەکی نزیکی بەناودا دەڕۆیشت. لە هەندێ گوندی دەوروبەری هەولێرو زاخۆ سیستەمێکی تا رادەیەك پێشکەوتووی دابەش کردنی ئاو دابین کرابوو.

تەنیا هەندێ گوندی گەورە بازاڕیان لێ بوو ئەویش لە ڕیزە دوکانێکی بچووك پێك هاتبوو. ئەم بازاڕە کە یەك ڕیز دوکان بوو بە گشتی بە درێژایی ڕێگای سەرەکیدا دەکشا. دوکانەکانی هەریەکە تاقە ژوورێك بوو لە قوڕو بەرد دروست کرابوو. هەر دوکانێکیش لە پێشەوە بە خەپەنگێك دادەخرا. لە نزیك بازاڕو بەزۆریش لە چوار

ڕیانــەکان چایخانەیــەك هــەبوو، کــە خواردنیشــی پێشــکەش دەکــرد.
چایخانەکــە بریتــی بــوو لــە خانوویــەکی نــزم و کــەوتبووە ســەر لایــەکی ڕێگاکــە، مەعمیلــەکان لــە پێــش چایخانەکــە، کــە وەکــو کــەپر وابــوو ، کۆڵەگــەی بــۆ کرابــوو، بــە چــڵ و چێــو ســەری گــیرابوو، لەســـەر لا تەختـــەی درێـــژی بـــە پشـــتۆك دادەنیشـــتن. خـــاوەنی چایخانەکـــە هەمیشــە بــە جــۆرێ لا تەختــەکانی دادەنــا کــە هــەموو دانیشــتووەکان بتوانــن بــە دەم چــا خواردنــەوە ســەیری ڕێگاکــە بکــەن. ئــەم ســەیر کردنــە هێمــن و خــاوە، کــە جاروبــار بــە تــەعلیقێك دەشــلەقا ، بەشــێ بــوو لــە چۆنیــەتی پشــوودان و حەســانەوەو ڕابواردنیــان.

گۆڕســتانی گونــد بــە هیــچ جــۆرێ شــوێنێکی پــیرۆز و جێگــای ڕێــز نــەبوو، وەکــو گــۆڕی شــێخە مبارەکــەکان. گــۆڕی موســڵمانان زۆر ســاکار بــوون، زۆربەشــیان پشــت گــوێ خرابــوون. هــەندێ گۆڕســتان درەخـــت و ڕوەکـــی جوانیـــان بەســـەرەوە بـــوو، هـــەندێکی تریـــش کەوتبوونــە قــەد گــردی ڕووت و چــۆڵ و هــۆڵ. گۆڕســتانە کۆنــەکان کــە پــڕ درەخــت و گیــاوگوڵ بــوون، بــە تایبــەتی لەشــارەکان، ببوونــە جێگــای حەســانەوەو پشــوودانی خەڵکەکــە. منــداڵ بــە کەمتەرخــەمی یــاری تۆپــی پێیــان لــەناو گۆڕەکــان دەکــرد، قوتــابی ئــەرکی ماڵــەوەیان لــەوێ جێبــەجێ دەکــرد، و کچــی چکۆڵــە گــوڵ و گیــا کێویلــەیان لەســـەر دەچنــی و ســەگ بــە ڕەوە بەســەریدا دەســووڕانەوە.

## شارۆچکەکان:

شـــارۆچکە دێرینـــەکانی کوردســـتانی باشـــوور، هەرچـــەندە هـــەندێکیان مێژوویـــەکی کۆنیـــان هـــەبوو، بریتـــی بـــوون لـــە ئـــاوایی زۆر ساکارو کەتبوونـــە ســـەر ڕێگـــا بازرگانییـــە کۆنـــەکانو دانیشـــتوانیان لـــە ئـــاینو ڕەگـــەزی (ئیتنـــی) جـــۆراو جـــۆر بـــوون. ئاســـووریو ئەرمـــەنیو دیـــانو جوولەکـــەو شـــیعەی فارســـی[*]، هـــەموو شانبەشـــانی یـــەکتر لەگـــەڵ کـــوردو تـــورك، یـــان تورکمانـــەکان پێکـــەوە دەژیـــان. شـــارۆچکە جێگایـــەکی وا بـــوو مـــاڵی ئاغـــای دەســـت ڕۆیشـــتووو کورســـی ئوســـقوفیاتی مـــەترانی دیانـــانو هـــەندێ جـــار تەکیـــە و خانـــەقای شـــێخی تەریقـــەتێکی بـــەهێزی تێـــدا بـــوو. شارنشـــینەکان خـــەریکی پیشـــەی دێریـــنو بازرگـــانی بـــوونو بازرگانییەکـــە هـــەندێ جـــار دەکەوتـــە قالبی قاچـــاخچێتی.

پایـــەو تـــۆڕی پـــەیوەندی کۆمەڵایـــەتی شـــارۆچکەکان جێگـــای خـــۆی گرتبـــووو تـــا ڕادەیـــەك چەســـپا بـــوو. دانیشـــتوانی شـــارەکان زۆر بـــوون، لەگـــەڵ ئەمەشـــدا ئـــەو گۆڕانانـــەی دوای شـــەڕی ســـاڵانی (1960)و(1970)ســـەریان هـــەڵدا سیســـتەمی کۆنیـــان لـــە بنـــەوە هەڵتـــەکاند. هـــاتنی خـــەڵکی لادێ بـــۆ شـــار ڕووی لـــە زیـــادی کـــرد. زاخـــۆ، کـــە شـــارێکی تـــا ڕادەیـــەك خنجیلانەیـــەو کەوتۆتـــە ســـەر ســـنووری عـــیراق و تورکیـــا، لـــە کۆتـــایی ســـاڵانی (1970)دا، پـــەرەی ســـەندو دانیشـــتوانی

---

* – ئەم ڕایە جێی لێ ورد بوونەوەیە، چونکە شیعەی فارسی لە کوردستانی عیراق نین. ڕاستە شیعە لە هەندێ شوێن هەن بەڵام فارسو ئێرانی نین. –و–

لە (20.000)ی تێپەڕاند ئەویش ئەو کاتەی کە دەستەڵاتداران وەرزێری گوندەکانی نزیک سنووری سوریایان ڕاگواستەوە ئەوێ.

پێنجوین، کە شارۆچکەیەکی چیاییە و پیشەگەری بچووك و قاچاخچی تێدایەو دەکەوێتە سەر سنووری ئێران ساڵی (1978)ژمارەی دانیشتوانی (6000)کەس بوو، بەلام پرۆژەیەکی ڕەسمی لە ئارادا بوو کە چەند هەزار گوندینییەك لە گوندە کۆنەکانی خۆیان لە چیای زاگرۆس بگوازنەوەو لە دەوروبەری پێنجوێن نیشتەجێیان بکەن.

لە ئەنجامی سیاسەتی ڕاگوێزانی حکوومەتو بە هۆی بەبن ئاو کەوتنی ناوچەیەکی شاخاوی فراوانی نزیك ئاوبەستی دوکان، شارۆچکەی ڕانیە، لەتەك خۆیەوە ئاوایییەکی تابعی ((گوندێکی هاوچەرخی)) بۆ پەیدا بوو، پێی دەگوترا ((چوارقورنە))و ژمارەی دانیشتوانی لە هی ڕانیەی جاران زیاتر بوو. شارۆچکەی دهۆك بوو بە (مەرکەز ئەلموحافەزە) واتە (پێتەختی پاریزگا). کارگەیەکی تازەی قوتوبەند کردنی مێوە لە پەڕگەی ئەم شارەدا دامەزرا، دانیشتوانی دهۆك زۆر بە خێرایی زیادی کرد.

سیاسەتی گشتی حکوومەت بەرامبەر بە (ناوچەی ئۆتۆنۆمیکوردی) ئەوە بوو کە تۆڕێك ئاوایی گەورەو نوێ بۆ ئەو لادێیانە دروست بکا کە لە گوندە چیاییە دوورە دەستەکانەوە دەیانگواستنەوە. ئەوئاوایینە نوێیانە کە هەریەکە (500-1000)خێزانی تێدا دەحەوایەوە، ژێرخانێکی خزمەتگوزاری نوێیان بۆ دابین دەکراو دانیشتوانیان لە پرۆژە ئاودێرییە نەخشە

بـۆ داڕێژراوەکـان ئیشـیان دەکـرد. حکوومـەت قـەرەبووی خـانوو زەوی بـۆ وەرزێـرە ڕاگوێزراوەکـان دەبـژاردو بگـرە ئـامێری بـەنرخی وەکـو تەلەفزیۆنیشـی بـە هـەندێ لـەو وەرزێرانـە دەبەخشـی. خەڵکـە ساویلکەو کـەم ڕۆشـنبیرەکە، کـە لـە چیـاوە دابـەزیبوون، وایـان پێـوە دیار بوو، کە بە هاتنە نـاو ئـەو خـانووە نوێیانـەو بـەو پارەی بـۆ یەکـەم جار لـە ژیانیـان لـە گیرفـانی خۆیـان دی بـوو یـان‌و بـەوەی بەتـەمای بوون. لـە کۆمپانیـای بیناسـازی حکوومـەت ئیشـیان بـە کرێـی بـاش دەسـت بکـەوێ، زۆر شـادو بەختـەور بـوون، وردە وردە ڕیـزی ڕێکوپێکـی خـانووە نوێکـانی ((گونـدە هارچەرخـەکان)) و کۆڵانـەکانیان کـە ئـەندازیاری شارسـتانی نەخشـەیان داڕشـتبوو، بـە سـەدان خـانووی تـر تێـک چـوو کـە گوندنیییـەکان لـە خۆیانـەوە دروسـتیان دەکردن وەکـو کـوورخ و کـاول و ژووری یـەدەگ و هتـد...

هـەندێ گونـدی گـەورەی تـر کـە بـە درێژایـی ڕێگـا نوێکـانی قوولایـی دۆڵـەکان‌و نزیـک شـارە گـەورەکانی وەکـو هـەولێر دەکشـان، لەلایـەن پسـپۆری نەخشـە دانـانی حکوومەتـەوە نەخشـەیان بـۆ کێشـرا بـوو. بـبن بـە شـارۆچکەی تـابع و بنکـەی خزمـەتگوزاری ناوچـە لادێییەکانـەوە. نووسـینگەی بەڕێوەبەرایـەتی‌و بنکـەی پۆلیـس‌و فرۆشـگاو قوتابخانـەیان لێ کرابـووەوە، بگـرە، پۆسـتەو بنکەی تەندروسـتی بچووکیشـیان لێ بـوو. لـێرەدا ئـەو پرسـیارە دێتـە پێشـەوە ئایـا کـردەوەی بـە شـار کردنـی نەخشـە بـۆ کیشـراوو لـە هـەمان کـاتدا لـە خـۆوە (عفـوی)، دوای زەبـری کۆمەڵایـەتی‌و سیاسـی‌و ئابووری شـەڕی ئێران و عیراق دەمێنـێ یـان نـا؟

دوای ئـــەوەی لـــە ســـاڵانی (1950)دا، جوولەکـــەکان لـــە کۆلۆنیـا کۆنەکانیانـــەوە کۆچیـان کـرد بـۆ ئیسـرائیل‌و دانیشـتوانی لادێـی کـورد بـە لێشـاو ڕوویـان کـردە شـارە کـۆن‌و دێرینـەکانی کوردسـتانی باشـوور، ئـەو شـارانە لـە فـرە ئیتنییـەوە بـوون بـە تاکـە ئیتنـی.

ئـەو لادێیـە هـەژارە کوردانـەی تـازە هـاتبوون لـە گەڕەکـە چۆڵـەکانی شـارەکان نیشـتەجێ ببـوون، هـەر زوو خـانووی قوڕیـان لەپەرگـەی شـارەکان پێکـەوەنا. ئەمانـە ماڵاتـە نیمچـە برسـیەکانیان بـۆ لـەوەڕ بەسـەر سـەرنوێلکی شـارەوانیدا دەسـووڕانەوە، ژنـەکانیان لـەکارو پیشـەی دێرینـی خۆیـان بـەردەوام بـوون، منداڵـەکانیان کـە ببوونـە نیمچـە شارسـتان، خـەریکی خزمـەتکاری‌و بۆیـاخچێتی‌و پۆسـتەچێتی فەرمانگـەکانی مـیری بـوون‌و خـەویان بـەوەوە دەدی خۆیـان بگەیەننـە شارە گـەورەکانی وەکـو بـەغداو موسـڵ.

پێشـکەوتنی خـێرای شـارەکان‌و خۆشـگوزەرانی زادەی نـەوت، وای کـرد، هـەندێ لـە چینـی دەوڵەمـەندی خەڵکەکـە ڤێلای هاوچـەرخی باخچـەدار دروسـت بکـەن. لەبـەر ئـەوەی شـارەکانی عێراق سیسـتەمی ئـاوی خواردنـەوەیان بـۆ ڕاکشـاوە، خەڵکەکـە باخچـەکانیان بـەم ئـاوە نایـاب‌و بەنرخـە ئـاو دەدا. خۆشـگوزەرانی مـاددی خـێراو گەشـە سـەندنی ئـەم شـارە بچـووك‌و گـەورانـە وای کـرد کـە ئـاوی خواردنـەوە زۆر بـە سـەختی لـە کورتـی بـدا. لەبـەر نـەبوونی خزمـەتگوزاریی پـاك کردنـەوەی شـارو کۆکردنـەوەو فـڕێ دانـی زبـڵ، دەوروبـەری شـارەکان تووشـی لـەوتانێکی زۆر ببـوو.

لــه شــارۆچکه دێرینــەکانی کوردســتانی عــێراق، ئــەو گەڕەکانـەش کـە خەڵکەکـەی لـە چینـی نیمچـە دەوڵەمـەند بـوون، بریتـی بوون لـە کۆمەڵـە خانوویـەکی نزمـی بـە یەکـەوە لکـاو. هـەر خانوویـەك لـە شـێوەی لاکێشـەیەکی وەکـو گۆڕایـی وابـوو، ژوورەکـان کەوتبوونـە دەوانــدەوری حەوشــەکەو هــەندێ جــار باخچەیــەکی بچــووكو فیچقەیـەکی لـە ناوەڕاسـت بـوو. نـەوەی نوێـی بنەماڵـە دەوڵەمـەندەکان حـەزیان دەکـرد نـاوەندی شـار بـەجێ بێڵـن، بچـن لـە پەرگـەی شـار خانووی سـەربەخۆی گـەورەو بـە باخچـە بـۆ خۆیـان دروسـت بکـەن. لـە بـاکووری عـێراق، کۆشـكو باڵەخانـەی چـەند نـهۆمی بـۆ کاروبـاری گشـتی دروسـت کـراون. ئوتێـلو نووسـینگەو فرۆشـگا لـەم جـۆرە باڵەخانانـە کراونەتـەوە.

بـە شـێوەیەکی گشـتی، شـارۆچکەکانی کوردسـتانی عـێراقی هاوچـەرخ بریتـی بـوون لـە تێکـەڵ بوونـی گەشەسـەندنی خـێراو دەوڵەمـەندی ڕەگـەزە بیناسـازییە نوێیـە لـەدەرەوە هێنراوەکـانی زادەی خۆشـگوزەرانی نـەوت لەگـەڵ نـەریتی دێریـن و سـادەی ژیـانی بـازاڕ و کۆڵانـە تەسـك وتریسـکەکان کـە هـەرگیز لەگـەڵ جموجوڵـی هاتوچۆی قـەوغای ئێسـتا نـاگونجێن. شـان بەشـانی گەڕەکـە کۆنـەکان کـە هێشـتا هـەندێ کۆمەڵـەی ئیتنـی و پیشـەیی دێرینیـان تێـدا دەژیو، سـەرباری گـەڕەکی خـانووە قوڕەکـانی ماڵـە هـەژارەکانی پەرگـەی شـار، زۆر کۆمەڵـەی شارنشـین ئێسـتاش بـە شـێوازی دێریـن دەژیـن.گـەڕەکی گـری "کەسـتە."، کـە کەوتۆتـە نـاوەندی زاخـۆ، بنکـەی جۆلایـی و خومگـەری ئەرمـەنییان بـوو. ئـەو کـوردە لادێیانـەی تـازە لـە لادێ هەژارەکانـەوە هـاتبوون بـە هیـچ جـۆرێ هـەوڵیان نـەدەدا ڕێگـای

خۆڵی گەڕەکە کۆنەکانی جوولەکەی شار پێش بخەن کە دەکەوێتە سەر کەناری دەستە چەپی ڕووباری خاپوور. قەڵایەکی کۆنو بچووکی چاوەنداز هەبوو کەوتبووە سەر کەناری دەستە ڕاستی ڕووبارەکە، هێشتا هەر بنکەی بەڕێوە بەرایەتی و دەسەڵات دارێتی بوو. فەرمانگەی بەڕێوەبەری قەزاکە "قایمقام" لەوێ بوو. لەقەد تەلانی باشووری شار، لەناوەندی گەڕەکێکی قوڕو بەردی بەناویەکداچوو، بورجی نەختێ بەرزی دوو کەنیسەی دیانان دیار بوو: یەکی ئاسووری و یەکی کلدانی. گەڕەکەکانی پەڕگەی شار، بەدرێژایی ئەو ڕێگا قیرتاوەی ئەستانبوڵ بە بەغداو بەسراو کەنداوی فارس دەبەستێتەوە، گەشەسەندنی نوێ و سەرەکییان پێوە دیار بوو.

ناوەوەی خانووی شارەکان ڕابردوو و ئێستای تێدا کۆببوەوە. هەندێکیان ئەوەندە جیاوازیان لەگەڵ خانووی وەرزێرە دەوڵەمەندەکانو بازرگانەکانو بەڵێندەرەکانی گوندو ئاغاکانی ئەوەی کۆن نەبوو. خانووی توێژی گەنج و ڕۆشنبیرو نوێخوازی دانیشتوانی شار هەندێ کەلوپەلی ناو ماڵی ئەوروپییانەیان تێدابوو وەکو: مێزو قەرەوێڵەی ئاسنو کورسی چەمینۆکو لا تەختەی داری وەکو ئەوانەی چایخانە گشتیەکان. وا دەبوو مامۆستای گەنج و فەرمانبەری کشتوکاڵی نووسینگەی ناوچەیی، دیواری باش هەڵنەسووراوی ژوورەکانی خۆیان بە تەختە پلاستیکی ڕەنگاوڕەنگ دادەپۆشی. زۆر جار خاوەن ماڵ دیوارەکانی بە کارتی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازاندەوە وەکو وێنەی کچ و دیمەنی زۆر سەرنج ڕاکێشی شاری بیانی. کارتی ئێرانی بە بریق و باق تا بڵێی زۆر

بوو. هەندێ جاریش دیمەنی باڵکێشیان لە گۆڤاری وێنەداری بیانی دەردەهێناو دیواریان پێ دەڕازاندەوە. هی واش هەبوو وێنەی لەسەر گیراوەی دیمەنی سەرنج کێشی ئەورووپی بە دیوارەوە هەڵدەواسی وەکو دیمەنی زنجیرە چیای ئەلبی تریۆڵی سەر بە بەفرو ڕووباری ڕۆمانتیکی دارستان بڕ. ئەم دیمەنانەیان لە هەر پەڕاوگە(قرطاسیة)یەکی شار دەکڕی کەپڕ بوون لەم دیمەنانەو لەدیمەنی پشیلەی یاریکەرو کچۆڵەی غەمگین. دەوڵەمەندەکان ژووریان پڕ کورسی نایاب و مافووری ئەورووپییانە بوو. پێشخانی ڤیلاکانیان بە گڵۆپی بریقەداری ڕەنگاوڕەنگ ڕازابووەوەو باخچەکانیان جۆلانەی سەر بە پەردەی تێدا بوو. بەپێچەوانەی ئەو ماڵە ڕێك و پێك و بایەخ پێدراوانە، شوێنی کۆبوونەوەی گشتی و چایخانەی دێرین و (یانە)ی تازە هەبوو کە بیرۆکراتەکان و بازرگانەکان بە یاری دۆمینەو خواردنەوەی چاو بیرەو (عەرەق) بە مەزەیەکی ناوچەیی کە ڕووەکێکی کێوییەو بەخوێ دەخوری و پێی دەگوتری (ڕێواس)، شەویان تێدا دەبردە سەر. ئەم شوێنانە بانێژەیان لە پێشەوە هەبوو یەکسەر بەسەر شۆسەی ڕێگادا دەیڕوانی و بە تایبەتی دوای ڕۆژاوا پڕ زەلام دەبوو. نڤیشکی نەوەی گەنجی شارۆچکەکان و فەرمانبەرانی حکومەت و مامۆستاکان و ئەفسەری پۆلیس و کوڕی بازرگانە دەوڵەمەندەکان و قوتابییانی زانکۆ کە بە سەردان دەهاتنەوە ماڵێ، ئەمانە هەموو شەویان لە ئوتێلی چێشتخانەی گەشتیاران دەبردە سەر. ئەم شوێنە ئەورووپییانە، ڕووناکییەکی ڕۆمانسییانەیان هەبوو بەجۆرێکی وا ناوەوەیان ڕێك خرابوو کە زۆر نایاب و ناوازە دیار بوون بەڵام لە هەمان کاتدا کەرەستەکانی ناویان نەختێ بەکارهاتوو

بوو، یان شتی نوێی هەرزان بوو. ئەمانە حکوومەت دروستی کردبوون بەڵام قۆنتەراتچی عەرەبو کوردو ئاشووری بەڕێوەیان دەبردن. خزمەتچییەکانیش، بە گشتی، هی وڵاتە عەرەبە هەژارەکانی وەکو میسر و تونس بوون. ساڵی(1977)، ئوتێلی گەشتیارانی زاخۆ خزمەتچییەکی ئافرەتی لێ بوو ببو بە بابەتی بایەخی گشتی و بگرە سووکە ڕسواییەکیش. ئەم هەموو شوێنانەی کۆبوونەوەی گشتی، کە دەزگاو ئامێر و کەرەستەی ئەورووپییانەی خراپیان هەبوو، سەرچاوەی ئیلهام بوون بۆ نەوەی نێرینە کە ئارەزوویان دەکرد و هەوڵیان دەدا ژیانی ڕۆژانەیان تازە بکەنەوە. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئافرەتانی ئەم شارۆچکانە هاتوچۆی ئەم شوێنانەیان نەدەکرد. کچو ئافرەتی شارەکان لە ماڵەکان یەکدیگر دەبوون. لە کۆڵانە تەسکەکان، لەسەر کۆسپەی دەرگاکانو لەسەر ئاخەبانی خانووەکان تاقمە ژن کۆدەبوونەوە، چ بە دانیشتنو چ بە پێوە، بە کراسی شۆڕو ئاوەڵکراسی ڕەنگاوڕەنگەوە، کۆرپەکانیان ژیر دەکردەوەو تەشییان دەڕست و قسەیان دەکردو باسی هاتوچۆکەرانیان دەکرد. هەندێ جار ئافرەت بە"عەبا"یەکی ڕەشی درێژ لەگەڵ مێردەکەی بۆ شت کڕین دەچووە بازاڕ. وایش دەبوو لە شەقامێکی قەرەباڵغ، یان لە گۆڕەپانێکا دوو سێ ئافرەت، کە گومانی تێدا نەبووماموستا بوون، بە جل و بەرگی ئەورووپی دەگەڕانو سەرنجی خەڵکیان بۆ خۆیان ڕادەکێشا. بەڵام لە کۆتایی ساڵانی (1970) دا. شەقام و گۆڕەپانو چایخانەو چێشتخانەو بازاڕو شۆسەی قەوغای شارۆچکەکانی کوردان تایبەتی بوون بە پیاوان.

## ئەنجام:

ئەو بیرە کۆن وسادەیەی لەبارەی کوردەوە لای ئەوروپییەکان پەیدا بووە کە گوایە کورد تەنیا شوانکارەی کۆچەری و جەنگاوەری خێڵەکی و ڕێگری چیایین، وردە وردە خەریکە دەسڕێتەوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەکی زانستی‌تر بکەوینە سەر لێکۆڵینەوەی ژیان و کاری وەرزێرو پیشەگەرو بازرگان و ماموستاو فەرمانبەری کورد. ئەم توێژانەی کۆمەڵی کوردەواری دەوری خۆیان لە مێژووی نوێی نەتەوەکەیاندا دیووە و لەم دە ساڵەی دواییشدا بایەخێکی زیاتریان پەیدا کردووە. ئەگەر بمانەوێ لە کردەوەی گۆڕانکاری کۆمەلایەتی کۆمەڵی هاوچەرخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بگەین دەبێ، بیناو نیشتەجێ بوون وەکو جۆرە چالاکیەکی مرۆڤایەتی بکەین بە بابەتی لێکۆڵینەوەی ڕەسەن. جێی داخە ئەم داردە کولتووریانەی پەیوەندییان بە جۆری ژیانەوە هەیەو زۆر بە خێرایی لە کوردستانی هاوچەرخی عێراقدا پێش دەکەون، نەبوونەتە مایەی بایەخ پێدانی شارنشینە کوردە ڕۆشنبیرەکان و توژەرەوە کوردەکانی زانکۆی سلێمانی و موسڵ و بەغدا.

## نەخشەکان




**نەخشەی ژمارە(1)**

خانووی وەرزێرێکی هەژاری (گوندیك مول)ی نزیك زاخۆ. خاوەنەکەی یەك هکتار زەوی دێمی نەبوو. بەخۆو بە ژنەکەی و کوڕە حەوت ساڵانەکەی لەم خانووەدا دەژیا.

A=دیوەخانە. B=بەرسفك .C= کۆگای بێ پەنجەرە. D=((قولق)) کوندەڵانی قوڕ بۆ جەڕەی ئاو. K= سەکۆی قوڕ بۆ دان دانە پەرەوەر P=حەوشە. Z1=کۆڵیتی مریشکان .Z2= کۆتانی مەڕ بزن. Z3= کیلی.




**نەخشەی ژمارە (2)**

خـانووی وەرزێرێکــی هــەژار بــەڵام نوێخــواز. کــەوتبووە پەڕگەی موهەنندەدییەی نزیـك زاخـۆ. خاوەنەکـەی بـە خـۆو بـە حـەوت سـەر خێزانــەوە لــەم خـانووەدا دەژیـا. نیـو هکتـار زەوی بــەراوی هــەبوو، تەماتــەی لێ دەچـاندو نـاو بــە نـاویش لــە زاخـۆ کرێکـاری دەکـرد. خێزانەکـە ئـەم خانووەیـان تـەنیا بـە یـەك مـانگ دروسـت کردبوو. دەوری (300) دینـاری عـیراقی تـێ چـوو بـوو.

A=دیوەخانــە. 1,2,3=قەرەوێڵــەی ئاســن. 4=تەپلــەی پلاسـتیکی چـا. B=بەرسـفك. C= نـاندین و کۆگـا. 5= فـەردە گـەنم. 6=مەقەڵــەی غـاز. 7=بــەرمیلی ئــاوی خواردنـــەوە. 8=دۆلابــی پلاســـتیکی نوێــی چەمینۆك. Z1= هــۆر، Z2=کۆڵیتــی قــوڕ.




**نەخشەی ژمارە (3)**

خانووی وەرزێرێکی پیرو دەوڵەمەندو پیاو ماقووڵ پێشتر (موختار)بوو، لەسەر سنووری سوریاوە هاتبوو لە (شکەفت مارە)ی نزیک زاخۆ گیرسا بووەوە، و لەوێ نیو هکتار زەوی بەراوی وەرگرتبوو تەماتەی لێ دەچاند. ئەم خانووەی کڕیبوو و بە هاوکاری کوڕە گەورەکەی و دراوسێکانی گەورەی کردبوو

شـووره‌ی بـه ده‌وره‌دا کێشـا بـوو. (2000) دینـاری عـیراقی تـێ چووبوو. به خۆو بـه حـه‌وت سـه‌ر خێزانـه‌وه لـه‌م خـانووه‌دا ده‌ژیا.
A=دیوه‌خانـه.لـه هـه‌مان کـاتدا ژووری خـاوه‌ن مـاڵ و ژنه‌کـه‌ی بـوو.
1=قه‌ره‌وێڵـه‌ی ئاسـن و سـه‌رینی بـه نـاواخن. 2=سـۆبه‌ی نـه‌وتی تازه‌بابـه‌ت. 3=دۆلابـی پلاسـتیکی نـوێ. B=ژووری کوڕه‌کـه‌ی خـاوه‌ن ماڵ، کـه بـه خـۆو بـه ژن و بـه کوڕه‌کـه‌ی تێـدا ده‌ژیـان. C=سه‌رشـۆرك.
Z1= کۆگـای ئـالیك. Z2=کـاولی مـه‌ڕان. Z3=ته‌ویلـه‌ی کـه‌ر.
P=حه‌وشـه. ڕێگـای گونـد.




**نەخشەی ژمارە ( 4 )**

برگەی خانوویەکی چیایی کوردی لە "خونیانا"ی نزیک پێنجوێن لەچیای زاگرۆس. خانووەکە موڵکی وەرزێرێکی دەوڵەمەندی گوندەکە بوو، بەڵام زۆربەی خانووەکان تەنیا دوو ئاست بوون . ڕێگای ژێرەوە .

$1^{er}$ - ئاستی یەکەم. $2^{eme}$- ئاستی دووەم. $3^{eme}$- ئاستی سێیەم




## نەخشەی ژمارە ( 5 )

ئاستی یەکەمی خانوویەکی "کواوا" ، کە خاوەنەکەی حەیوانی تێ دەکردو کەل و پەلی لێ دادەنا.

P- حەوشە ، ئاخوڕی قوڕ و داری قەڵاشکەری بۆ سووتەمەنی لێیە. K- ناندینی سەرگیراو(مەدبەق) بەتەیمانی شواڕ لە حەوشە جیا کراوەتەوە. (( تەندوور )) یکی تێدایە بۆ نان کردن. T- بەرمیلە لە نزیک تەندوور و ساوەری تێدایە کە جۆرە خواردنێکی دێرینیانە. بەشی ناوەوەی حەوشە سەری گیرابوو دوو ڕیزە کۆڵەگەی داربەڕوی تێدابوو. کە لەوێ تێدەپەڕی ((گەوڕ))ی ولاخان بوو.

W- قادرمە. Z1، Z2 - تەویلەی ئەسپ و ئێستر. Z3- کاولی مەڕان. Z4- هەلای بزنان. Z5- دوو کەندووی قوڕ بۆ دانە وێڵە و

ئـــاليكی زســـتان. Z6= تەویلـــە و ئـــاخوڕی جوانـــوو. Z7- کـــۆزی بـەرخان. خانووەکـە لـەو لایـەی لـە نەخشـەکەدا سـێبەری بـۆ کـراوە، لەگـەڵ خانوویـەکی تـر دیواریـان پێکـەوە بـوو.




## نەخشەی ژمارە ( 6 )

ئاستی دووەمی خانوەکەی " کواوا " بەشی ماڵە وە بوو.

BN- بەربان . B- هەیوان ، دەرگای بۆ کراوە، چونکە ناوچەی زاگرۆس زستانی سەخت و تووشە. A- دیوە خانە، مافووری لێ ڕاخرا بوو پەنجەرەیەکی گەورەی هەبوو. C- ژووری ژن و منداڵان ، پەنجەرەیەکی بچووکی هەبوو. 1 - " زۆڕپە" . 2- سندووقی بووکێنی، ساڵی 1958 لە پێنجوێن کڕابوو . 3- سەکۆی قوڕ بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن . D- ناندین (مەدبەق) ، پەنجەرەی نەبوو ، بەڵام کلاورۆژنەی بانی هەبوو

1- ئاگردان ، 2،3،4 - "کادین" ((ئەمە کادین نییە ، کەندووە)) - و- 5- " مەنجەڵ ". 6- قابلەمە .

E- کۆگایەکی بچووک بە شواڕ جیاکراوەتەوە. W- قادرمە.




**نەخشەی ژمارە ( 7 )**

برگەی خانوویەکی چیایی دووئاستە ... هی وەرزێرێکی " کواوا " ی نزیک پێنجوێنی ناوچەی زاگرۆس بوو. بە خۆ بە خاوخێزانەوە لەم خانووەدا دەژیا. هەشتا هێکتار زەوی دێمی و دوو هێکتار زەوی بەراوی هەبوو تووتن و وێنجەی لێ دەچاند . هەروەکو کۆزە ئەسپیندارێکیشی هەبوو .




## نەخشەی ژمارە( 8 )

خانووی دەوڵەمەندترین وەرزێری " گریك ئیسلام " ی نزیك زاخۆ. ساڵی 1962 بە دەوری ( 500 ) دیناری عیراقی دروستکرابوو. ساڵی (1977) دیوەخانەکەیان بۆ زیاد کردبوو. وەرزێرەکە بە خۆو بە (14) سەر خێزانەوە لەم خانووەدا دەژیا. دوازدە هکتار زەوی هەبوو، زۆربەی بەراو بوو، تەماتەی بازرگانی لێ دەچاند .

A= دیوەخانــە ؛ 1. زۆپــەی نــەوت ،2. قەرەوێڵــەی ئاســن و ســەرینی بە نـاواخن .
B=کوگـا – نـاندین. 3. ئـاگردانی سـەروالا . C= بەرســفك.D= ژووری نووســتن ، 4. قەرەوێڵــەی ئاســن و ســەرین ، 5. زۆپــەی نــەوت. E= کـاولێکی ســەرگیراو. P= حەوشــە، جوگەیــەکی لێبووئـاوی پیسـی پێـدا دەچـووە دەرێ ، چونکــە خانووەکــە کــەوتبووە قــەد تــەلان. Z1= تەویلـە. Z2= کـاولی مـەڕان. Z3=کوڵیتـی قـوڕ. Z4= هـەلا بزنـان. Z5= کاولی کـەر.




## نەخشەی ژمارە (9)

خانووی " موختار " ( دەمڕاستی گوند )ێکی دەوڵەمەندی (تەل کەبەر )ی نزیک زاخۆ. ساڵی (1978) دروستکرابوو بەلام بە پێی دەستووری دێرین. خاوەنەکەی پێنج هکتار زەوی هەبوو، نیوەی بەراو بوو، تەماتەی بازرگانی لێ دەچاند. بە خۆ بە ( 11 ) سەرخێزان لەم خانووەدا دەژیا. وەرزێرێکی نوێخواز بوو. ساڵی (1977) دیوەخانێکی تری بۆ خانووەکەی زیاد کرد.

A1وA2= دیوەخانە. B = ژووری دایک و منداڵەکانی خاوەن ماڵ.

C= ژووری خاوەن ماڵ و ژن و منداڵەکانی.

D= کوگا. E= " بەرسفك ". F= ناندین و کوگای پڕ فەردە گەنم ، سەکۆی قوڕیشی لێبوو بۆدەست نوێژ هەڵگرتن.

G= " بستانك " (بێستان _ و _) کۆمەڵە درەختێکی بەردار بوو تەیمانی بە درووبۆ کرابوو تا ئاژەڵی ماڵەوە نەچنە ناوی.

P=حەوشە. W= شانشینی سەرگیراو. Z1= گەوڕی مانگاو مەڕ و کۆڵیتی مریشکانیشی لێ بوو. Z2= کوگای داکردنی ئالیك. OZ= حەوشەی داخراوی مالأت. T= (تەندوور).


B1
A1
Z1
T
S
C
Z2
L1
36 m
L2
Z3
Z4
B2
A2
P2
K2
O
D
OT
Z5
Z6
19 m

## نەخشەی ژمارە ( 10 )

خانووی " موختار" ێکی دەوڵەمەندی " شەمامك " ی نزیکی هەولێر . پێنج هکتار و نیو زەوی بەپیتی هەبوو ( چوار هکتاری بەراو بوو ). خاوەنی دووژن بوو. دوو خانووی سەربەخۆی بۆ دروست کردبوون . سەراپای خانووەکەی، کە شوورەیەکی سێ مەتر بلندی بە دەورە دا کرابوو ، زۆر لە خانووی دراوسێکەیانەوە نزیك بوو .

A1 و A2 - دیوەخانە. B1 و B2- ژووری ژن و منداڵان. C- لیژنە دارێکی قەلاشکەری. D-ژووری ئاو. K1 و K2- ناندینی بە دووکەڵکێش و (تەندوور)ی نان کردن . T-"تەندوور"، یا "تەنوور" بە زاری ناوچەیی. سەربە خۆبوو. Z1- کوڵیتی مریشکان. Z2- کوگای تەپاڵەی سووتان. Z3 وZ4- تەویلە. Z5- ژووری گوێرەکان. Z6- شوێنێکی سەروالا بۆمەڕان.
هەردوو دیوەخانە قادرمەیان هەبوو بۆ سەربان .




نەخشەی ژمارە ( 11 )

خانووی دارتاشێکی دەوڵەمەندی دێ. ( پێنج هکتار زەوی ) شینایيشی لە "زەمزەمۆکی کورد"ی نزیک هەولێر هەبوو.

خاوەنەکەی، ئەم خانووە گەورەیەی بە هاوکاری سێ زەلامی تر بە ماوەی شەش مانگ دروست کردبوو. دیار بوو دەوری (1000)دیناری عیراقی تێ چوو بوو، بەڵام کەرەستەی ناو ماڵ و ڕازاندنەوەی ژووری ئافرەتان دەوری (500) دیناری تێ چوو بوو.
بەشی ماڵەوەی خانووەکە "کۆشک"ێکی بچووکی سەرخانی هەبوو.
A-دیوەخانە کە لە هەمان کاتدا دووکانیش بوو. B- هەیوان. بە گشتی ئافرەتی لێ دادەنیشت. C- "هۆدەی نووستن". ژووری ژن و منداڵان، پڕ کەرەستە بوو، مافووری لێ ڕاخرابووو ڕازابووەوە. D-"شارشان"{؟؟! } ژووری ناو. F-کۆگای کەرەستەی خاو. T- تەندوور. E- ژووری جەڕەو گۆزەی ناو، پێیان دەگوت "کۆبلە" [ ڕەنگە کوپلغ بێ – و –]. P- "حەوشە"ی بێ درەخت، بەڵام خاوەنەکەی بەتەمابوو پاشان بیکاتە باخچەیەکی بچکۆلە. G- "کاول"، بەشێکی حەوشە ، دیواری بۆ کرابوو کەلوپەلی لێ دادەنرا. L1 و L2- "ئەدەبخانە". K1 و K2- ناندین، مەدبەقی هاوینە بوو، ساپیتەی نەبوو بەڵام ئاگردانێکی ڕەسەنی لێ بوو. S1 و S2- " ئەنبار " ، ژووری داکردنی دانەوێڵە. Z1- "خانی کا-کادین-" کۆگای کا و ئالیك. Z2- "خانی کەر". Z3- "خانی مریشك" خانووەکە بەو دیوارەی سێبەری بۆکراوە، لەگەڵ خانووی تەنیشتی پێکەوە نووسابوون.




## نەخشەی ژمارە ( 12 )

خانووی دەوڵەمەندترین تەماتەچێنی " گریک سلێمان"ی نزیک زاخۆ. کەوتبووە سەر ترۆپکی گردێکی بچووك. خاوەنەکەی، ماڵی خۆی و ماڵی برای و ماڵی برایەکی تری کۆچکردووی لەو خانووەدا بوون. ئەم سێ خێزانە ساڵی (1947) ئەم بینایەیان دروست کردبوو. دیوارێکی بەرزیان بە دەورەدا کێشا بوو.

A1- دیوەخانەی ماڵی خاوەنەکەی. A2- بەرسقك. A3-ناندینی ماڵی خاوەنەکەی. B1 و B2-ژوورەکانی ماڵی سلێمانی برای

خاوەنەکـــەو خێزانەکـــەی. C1 و C2= ژوورەکـــانی مـــاڵی بـــرای سـێیەمی کۆچکـردوو .D= ژوورێکـی زیـادە. E= بەشـێکی نوێـی ماڵـەوە، سـاڵی 1977 دروسـت کـرا بـوو. خاوەنەکـەی نیـازی وابوومـاڵی بـرای کۆچکـردووی بگوازێتـەوە ئـەم بەشـە، چونکـە بەتـەما بـوو ژوورەکـانی C1و C2 بـدا بـە حکوومـەت بـۆ ئـەوەی بیکـا بـە قوتابخانـەی گونـد.

F= حەوشـە. L = ئاودەسـتخانە. Z= تەویلـە و هـۆرو کوگـای ئـالیك.

OZ= ژووری ڕەشـەولاخ (گـەوڕ). ئـەو ژوورەی لەسـەر نەخشـەکە سێبەری بۆ کراوە، لەگـەڵ خانوویـەکی تـر پشـتیان پێـك دابـوو.




نەخشەی ژمارە (13)

## نەخشەی ژمارە ( 13 )

نموونـــەی مزگـــەوتێکی گونـــد، لـــە چیـــای زاگـــرۆس. گونـــدی "خونیانا"ی نزیـک پێنجویـن. مزگەوتەکـە بـە بـەردو چیمـەنتۆ کرابـوو لـەنێوان (1970–1980)، لەلایـەن خـەڵکی گوندەکـە دروسـت کرابـوو .

1- هـەیوانی پێشـەوە، کـە دەبـێ لـەوێ پێڵاویـان لـە پـێ بکەنـەوەو جێـی بێڵـن . 2- "زۆپـە"ی دار . F-کوڵەگـەی دار بـەڕوو. B- شـوێنی دەســتنوێژ هـــەڵگرتن. Z- پـــەردەی جیاکردنـــەوەی شـــوێنی خۆشوشــتن. L- ئاودەســتخانە، ئـاوی بـەناودا دەڕوا، ئاوەکـە لـە جۆگایـەکی نزیـک هەڵبەسـراوە.

W1- حـەوزێك ئـاوی بـەناودا دەڕوا، بـۆ شوشـتنی دەسـت و دەم و چاوو پـێ.

W2- حـەوزێك بۆ شوشـتنی سـەراپای لـەش.

***

# BIBLIOGRAPHIE

Barth, Fredrik, Principles of Social Organization in Southern Kurdistan, Oslo. Universitets Etnografiske Museum, Bull. n°7, 1953.

-Van Bruinessen, Martin, Agha, Sheikh and State. Sur I' Organization sociale et politique du Kurdistan, Utrecht, 1978.

-Dziegel, Leszek, La Communauterurale du Kurdistan d' Irak contemporain face a la modernisation, Cracovie, Studia Materialy, n°7, Academie agricole de Cracovie, 1981.

-Hansen, Henny Harald, The Kurdish Woman's Life. Etude sur le terrain dans une societe musulmane, Copenhague Nationalmuseets Skrifter, Etnografisk Rackk 7,1961.

-Qizilji, Hassan, Teceremonin I diwakhana, in Svensk-Kurdisk Journal n°2, Sollentuna, 1985. PP.22-23.

## له بڵاوکراوەکانی بزاف

تا ئێستا بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز وێڕای چەندین ک
سیمیناری ڕۆشنبیری، ئەم کتێبانەی خوارەوەی بە چاپ گەیاندوون.

1-دامەزراندن و نەفراندن وپێشڕەوێک..............مەحمود زام
2-چیرۆکەکانی کریلۆف....................و. عەزیز گە
3-شتەکان(کورتە چیرۆک.......................ڕەسول بە
4-بەدوا داچوون و ڕەخنە لە کتێبی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە
ڕاپەڕین................................محەمەد خدر م
5-چەند ووردە یادێکی مەییو (چیرۆک).....عەبدوڵڵا خدر س
6-مەرگی بازنەیی (نۆڤلێت) ......................سابیر ڕ
7-بیرەوەریەکانی ڕۆژمێرێکی شەکەت(شیعر)..چنار نامیق د
8-ئەو تابلۆیانەی لە پێش چاوم ون نابن چیرۆک..جەمال گردە
9-زایەڵەی ڕەنگەکان (شیعر).....................شوان س
10-گوندو شارۆچکە کوردییەکانی عیراقی ئێستا......و. عزیز گە

# القرى والقصبات الكوردية [illegible]اق الحالي

## البناء التقليدي والاشكال والوظائف في عملية تحولها الثقافي

البروفيسور الدكتور ليژەك ژيگيل

ترجمة: عزيز گەردی

---

# VILLAGES ET PETITE SVILLES KURDES DANS L'IRAK ACTUEL

## Construction Traditionelle, forme et fonction dans leur processus de changement culturel

**Par:**

**Prof. Dr. Leszek Dziegel**

**Traduit en Kurde Par:**

**Aziz Gardi**

له بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز

Arbil ——— 2000

زنجیره (١٠)